# بەشداری ژنان لە بەڕێوەبردنی دامەزراوە میدیاییەکانی هەرێمی کوردستان

## دامەزراوە میدیاییەکانی شاری سلێمانی بە نموونە

توێژەران

م. کاروان عبدالله محمد 0750119668

karwan.muhammad@univsul.edu.iq

م.رۆزە حمەوەیس حمەمیرزا 07701970477

roza.merza@univsul.edu .iq

زانکۆی سلێمانی / سکوڵی زانستە مرۆڤایەتیەکان/ بەشی ڕاگەیاندن

**پوختەی توێژینەوە**

کارکردن لە دامەزراوەی میدیایی لە رووی سیستەم و رێکخشتنی توانا مرۆییەکان زۆر جیاوازە لە دامەزراوەو دەزگاکانی تر ، بەتایبەت لە دابەشبونی تواناى مرییی لەسەر بنەمای رەگەر (نێر و مێ) هۆکاری ئەم جیاوازیەش دەگەرێتەوە بۆ دیدی تایبەتی کۆمەڵگاو تێڕوانینی بۆ کاری میدیایی و لەبەرانبەریشدا تێڕوانین بۆ هەر یەك لە رەگەزەکانی نێرو مێ یان رونتر بوترێ ژن و پیاو، ئەگەر چی لە زۆرێك لە کایە جیاوازەکاندا کارکردنی ژنان لە روانگەی کۆمەڵگای کوردیەوە جیاوازە لەو تێڕوانینەی کە بۆ کاری پیاوان هەیە، ئەمە لە بواری میدیادا ئەشێ رەنگدانەوەی زیاتری هەبێت، یاخود رەنگە کرانەوەی زیاتر کۆمەڵگاکەمان تێڕوانینەکانیشی گۆڕی بێت، هەر جۆرێك بێت بابەتی دیاریکردنی رادەی بەشداری ژنان وەك توانای مرۆیی لە سیستەمی بەڕێوەبردنی میدیا لە هەرێمی کوردستان پێویستی بە توێژینەوەی زانستیە بۆئەوەی لەگەڵ دیاریکردنی ئەو رادەیە هۆکار گەلێکی جیاواز بخرێتە روو یاخود کاریگەری ژنان لەسەر ئەو دامەزراوانە کە ژنان کار لە سیستەمی بەرێوەبردنەکەیدا دەکەن.

کارکردن لە میدیا و دامەزراوە میدیاییەکاندا جگە لەوەی وەك پیشەیەك باسدەکرێت حەزو سەلیقەی کاریش رۆڵی بەرچاوی لە سەرکەوتنی کاردا هەیە، تایبەتمەندی ژنانیش لەم کارەدا ئەشێ پەیوەندی بە شێوازی کار و تێڕوانینی کۆمەڵگاوە هەبێت، هەر چۆن بێت ئەم توێژینەوەیە لە بارودۆخی فکری و ئایدیایی کۆمەڵگای کوردیدا ئەنجام دەدرێت و لە روانگەیەکی جیاوازیشەوە ئەشێ تێروانینی کۆمەڵگا هەم بۆ کاری میدیایی بەگشتی هەم بۆ کاری ژنان لەو دامەزراوانەدا بخاتە روو دەرەنجامەکانی نیشان بدات، کە تێروانینی کۆمەڵگا بۆ کاری میدیایی و بەشداری ژنان چۆنە.

## پێشەکی

بەڕێوەبردنی دامەزراوەی میدیایی کارێکی دژوارو چەند لایەنەیە، دژواری ئەم کارە پەیوەندی بە تێگەیشتنی جیاوازەوە هەیە لە کارو باری میدیای و بەڕێوەبردنی دامەزراوەکانی گەیاندنی زانیاری هەیە، چەند لایەنی کاری بەڕێوەبردن لەدامەزراوەی کاری میدیایشدا پەیوەندی بە لایەنە جیاوازەکانی نێو کاری میدیایی هەیەوەك (پەیامنێری، هەواڵ سازی، سەر نوسەری، بەڕێوەبردن، کاروباری تەکنیك و تەکنەلۆژیا، سیاسەت و پەیام سازی)،ئەم دژواری و چەند لایانە لەبەڕیوەبردنی دامەزراوەی میدیایدا کاتیك دیتە بەردەم بەژداربوان لەبەڕیوەبردنی میدیادا وەك کارمەندێك یان بەڕێوەبەری دامەزراوەیەکی میدایی دەست بەکار دەبێت.

بۆ دەربازبوون لەم دژوارییەو چارەسەری چەند لایانەی بەڕیوەبردنی دامەزراوەی میدیایی، کارمەند یان بەرپرس پەنا دەباتە بەر چەندین رێکاری بەریوەبردن، تابتوانیت بە یەکیك لە ریکارەکان باشترین رەوتی بەڕیوەبردن بگریتە بەر، یەکیك لەو ریگایانەی کە بۆ ئەم مەبەستە دەگیرێتە بەر، بەشداری کارمەندانی کاراو گونجاوە چ لەروی توانای کارو شارەزایی و رەگەز یان تەمەنەوە ئەمەش لەبەشیکی کاری بەڕیوەبردنی میدیایدا کەبە (بەریوەبردنی توانای مرۆیی لەدامەزراوەی میدیایدا) ناو دە بریت بەو مانەیەی کەتاچەند بەباشی بەشداری لەکاری بەڕیوەبردنی میداییدا کراوە، چەند لە ئاست پیویستی کارەکاندایە.

ئەم تویژینەوە مەبەستیەتی شوێن و پێگەی بەشداری ژن (مێینە) لە سیستمی بەڕێوەبردنی دامەزراوەی میدیایی لە هەرێمی کوردستاندا دەربخات و سیستمی بەڕێوەبردنی مرۆیی لە بەڕێوەبردنی دامەزراوەی میدیایی ڕوون بکاتەوەلە روانگەی بەشداری ژنان لە کاروباری میدیاییدا، هەوڵ دەدات بنەما سەرەکیەکانو ڕوانگە وسیستمە جیاوازەکانی بەڕێوەبردنو بەڕێوەبردنی توانایی مرۆیی بەشداری لەسەر بنەمای رەگەزی لە بەڕێوەبردنی دامەزراوەی میدیایی لە هەرێمی کوردستان دەستنیشان بکاتو رێکارو بنەماکانی بەشداری کارمەندان لە بەڕێوەبردنی توانای مرۆیی لە دامەزراوەی تەلەفیزیۆنیدا بخاتە ڕوو.

توێژەران لە چوارچیوەی ئەم تویژینەوەیەدا دوای خستەڕووی پێشەکی و میتودنامەی تویژینەوەکە ئاماژەیان بە چەمك و تویژینەوە پەیوەندیدارەکانی پیشوو کردووە.هاوکات وەك دەروازەیەکی تیۆریش چەمکی بەڕێوەبردنو مەوداکانی کاری بەڕێوەبردن لە دامەزراوە جیاجیاکان لە لایەن ژنانەوە وەك سەربوردێکی مێژویی بەگشتی و شاری سلێمانی بەتایبەتی کردووە، هەروەها باسیان ڕوانگە جیاوازەکانی بەڕێوەبردنی دامەزراوەی میدیایی بەگشتی و بنەماکانی بەشداری کارمەندان و مەوداکانی کار لە بەڕێوەبردنی میدیاییدا خراوەتە ڕوو، ئەمە لەلایەك و لە لایەکی تریشەوە لە ژیر ناونیشانی توانا بەشداری ژنان لە بەڕێوەبردنی دامەزراوە میدیاییەکانی هەرێمی کوردستان، هاوکات رادەی بەشداری ژنان لە بەڕێوەبردنی دامەزراوە میدیاییەکانی شاری سلێمانی بە میتۆدێکی زانستی خراوەتە روو.

تویژینەوەکە وەك مشتە(عینە) ی دامەزراوە میدیاییەکانی شاری سلێمانی وەرگرتوەو تیاشیاندا پێنج دامەزراوەی میدیایی هەڵبژاردوە کە نوسینگەی سەرەکیان لە شاری سلێمانییە ئەوانیش بریتین لە ( دامەزراوەی میدیایی کوردسات، دامەزراوەی میدیایی گۆڕان، دامەزراوەی میدیایی گەلی کوردستان، دامەزراوەی میدیایی کۆمەڵ، دامەزراوەی میدیایی خەندان) کە هەریەکەیان خاوەنی کەناڵی تەلەفزیۆنی و رادیۆ و دیجیتاڵ میدیا)یە مەبەست لە دیجیتاڵ میدیاش (وێب و رۆژنامەی ئەلکترۆنی و تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان و ئەپڵیکەیشنە)

## 1 ـ چوارچێوەی میتۆدیی توێژینەوە:

### 1 -1 کێشەی توێژینەوە:

ئەو کێشەیەی کە هانی توێژەرانیدا بۆ توێژینەوە لەو بابەتە گۆڕانی دیدگاکانی کۆمەڵگاکانی جیهان سەبارەت بە ژن و کارکردن و لەنێو کۆمەڵگای کوردیشدا دیدگاکان جیاوازن و لەبەردەم شەپۆلی گۆڕانکاریەکانی دونیادان، کاری میدیایی و بەشداری ژن لە کاروباری میدیا و دامەزراوە میدیاییەکاندا وەك کاری بەڕێوەبردنی توانای مرۆیی لە دامەزراوەمیدیاییەکان لە هەرێمی کوردستان، کیشەی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە دیاریکردنی رادەی بەشداری ژنان (مێینە) لە دامەزراوە میدیاییەکانی هەرێمی کوردستان دیاریکردنی ئاستی پێگەی ژن لە نێو ئەو دامەزراوەیەوە میدییەکانی شاری سلێمانی.

### 2-1 گرنگی توێژینەوە:

**بایەخی زانستی:** بایەخی ئەم توێژینەوەیەش زیاتر لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کەباسی لە لایەنیکی گرنکی کاری دامەزراوەی میدیایی و پێگەی ژن لە بەڕێوەبردنی ئەو دامەزراوانەدا.

**بایەخی کۆمەلایەتی و فەرهەنگی:** بایەخی بنەڕەتی ئەم توێژینەوەیە باسکردنە لە پێگەی ژن لە دامەزراوە میدیاییەکاندا و دیاریکردنی رادەی بەشداریکردنیان لە کارو باری میدیایی ئەو دامەزراوانەدا، هاوکات باس لە ڕوانگە جیاوازەکان بۆ بەڕێوەبردنی میدیا، توانای ژن لە کاری میدیایی و دەرخستی ئاستی کاروباری ژنان و تێڕوانینی بەڕێوەبەرانی میدیایی بۆ کاری ژنان و خستنە ڕووی ئەو مەودایانەی کە لە کاری میدیاییدا ژن زیاتر بەشداری تێدا دەکەن.

**بایەخ بۆ دامەزراوەمیدیاییەکان**: خاڵێکی تری بایەخداری ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە کە پرسیارگەلێکی زۆرتر لە بیری بەڕێوەبەرانی دامەزراوە میدیاییەکان دەوروژێنێت، وەلام بۆ ئەو پرسیارانە دەخاتە ڕوو، لەبارەی چۆنیەتی بەشداری ژنان لە کاری میدیاییداو توانای ئەوان بۆ هەریەك لە بوارە جیاوازەکانی کاری میدیا.

### 3-1 ئاما نجی توێژینەوە:

1. . نیشاندانی ڕادەی بەشداری ژنان لە بەڕێوەبردنی دامەزراوەمیدیاییەکانی هەرێمی کوردستان.
2. دیاریکردنی پێگەی ژنان لە بەڕێوەبردنی دامەزراوەیی میدیاییدا.
3. دیاریکردنی جۆری ئەو بوارانەی کە ژنان لە دامەزاراوە میدیەکانی شاری سلێمانیدا بەرجەستەی دەکەن.
4. خستنە ڕووی ئەو بوارانەی کە لەنێو دامەزراوە میدیاییەکاندا ژنان بەشداری تێدا دەکەن.
5. خستنە ڕووی رادەی گرنگیدان بە توانای ژنان لە دامەزراوە میدیاییەکاندا.

### 4-1 میتۆدی توێژینەوەو ئامرازەکانی:

**أ- میتۆدی توێژینەوەکە :**

ئەم توێژینەوەیە لە تویژینەوەیە لەجۆری وەصفییە و کار بەمیتۆدی ڕوپێویی دەکات.

**ب- ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری:**

ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری لەم توێژینەوەدا بریتین لە :

1. کتێبو لێکۆڵینەوەو وتاری زانستی لەو بوارەدا نوسراون.
2. دروستکردنی فۆرمی کۆکردنەوەی زانیاری و دابەشکردنی بەسەر دامەزراوەکاندا.

### 5-1 کۆمەڵ و مشتە- عینة- ی توێژینەوە:

**أ- کۆمەڵی توێژینەوە :** کۆمەڵی ئەم توێژینەوەیەبریتیە لە دامەزراوە میدیاییەکانی هەرێمی کوردستان.

**ب- مشتە- عینة- ی توێژینەوە:**

مشتە(عینە)ی ئەم تیوێژینەوە بریتیە لە دامەزراوە میدیاییەکانی شاری سلێمانی کە پێك دێن لە چوار دامەزراوەی میدیایی کە بریتن لە (دامەزراوەی میدیایی کوردسات، دامەزراوەی میدیایی نالیا، دامەزراوەی میدیایی گەلی کوردستان، دامەزراوەی میدیایی گوران، دامەزراوەی میدیایی کۆمەڵ) کە هەریەکە لەمانە خاوەنی (کەناڵی تەلەفزیۆنی ئاسمانی و لۆکاڵی و رادیۆیی و دیجیتاڵ میدیان) هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم مشتەیەش بریتین لە.

1. ئەم پێنج دامەزراوەیە لە نێو شاری سلێمانین و توێژینەوەکەش سەرنجی سەرەکی لەسەر شاری سلێمانییە.

2. ئەم دامەزراوانە بۆ توێژەران زیاتر بەردەستەو دەتوانین بە ئاسانی زانیاریەکانمان لێیانەوە دەست بکەوێت لە رێگەی ئامرازەکانی توێژینەوەمانەوە.

3. ئەم دامەزراوانە خاوەنی زۆربەی شێوازو کەرەستەکانی گەیاندنی زانیارین وەك کەناڵی تەلەفزیۆنی ئاسمانی و لۆکاڵی و رادیۆیی و دیجیتاڵ میدیا

ح. **جۆری مشتە- عینة-ی توێژینەوە:**

- مشتەیەکی مەبەستدار لە بەڕێوەبەرانی باڵاو ناوەندی دامەزراوە میدیاییەکان پێك دێت کە لەڕێگەی فۆرمی تایبەتەوە زانیاریان لێ وەردەگیرێت

6-1 **سنوری توێژینەوە:** سنوری ئەم توێژینەوەیە ئەم سێ بوارەی خوارەوە دەگرێتەوە:

**أ– بواری مرۆیی:** ئەمەش بواری مرۆیی توێژینەوەکە ئەگرێتەوە کە بەڕێوەبەرانی دامەزراوە میدیاییەکانە

**ب– بواری شوێنی:** بواری شوێنی توێژینەوەکە تایبەتمەندە بە پارێزگای سلێمانی کە نوسینگەی سەرەکی دامەزراوەکانی تێدایە کە مشتەی لێکۆڵینەوەکەن

**ج– بواری کاتی :** لایەنی مەیدانی ئەم توێژینەوەیە لە (1/4/□□□□) تاکو (1/10/2018 ).

**1- 7 راستی رواڵەتی :.** بەمەبەستی دڵنیابوون لەدروستی و زانستی بوونی ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری توێژینەوەکە، توێژەران ( فۆرمی ڕاپرسی) یان ئامادەکرد وخستیانە بەردەم ژمارەیەك لە شارەزاو پسپۆران لە بواری ڕاگەیاندن دا، ئەمەش بۆ زانینی لایەنە لاوازەکانی فۆرمەکەو دەرخستنی ئاستی دروستی و نادروستی برگەکانی و پەیوەندییان بە هێنانەدی ئامانجەکانی توێژینەوەکەو هەڵسە نگاندنی پرسیارەکانی لە ڕووی چەندایەتی و چۆنایەتی و ریزبەندیەوە،ئەم هەنگاوە بەشێوەیەکی گشتی دروستی و ئاستی (فورمی ڕاپرسی)ەکە پیشان ئەدات و توانستی ناوەرۆکەکەی لە هێنانەدی ئامانجەکانی توێژینەوەکەدا دەردەخات . دوای پێداچوونەوەی شارەزایان و پسپۆران بە فۆرمەکەدا سەرنج و تێبینیەکان بەهەند وەرگیرا لەلایەن توێژەرانەوەو لەو رووەوە توێژەران چەند پرسیارێکی پێویستیان زیادکرد وگورانکاریان لەهەندێ برگەدا کرد و تاکو ئەو ئاستەی فورمەکە بەگونجاو زانرا بۆ دابەشکردنی بە سەر مشتە(عینە)ی توێژینەوەکەدا بە جۆرێك رێژەی ڕاستگۆیە کەی (الصدق): ٪95 بوو*.

---

*1-پ.ی.د.سەلام نصرالدین ، زانکۆی سلێمانی، پسپۆڕی بواری ڕاگەیاندن –تەلەفزیۆن

## 8-1 پێناسەی چەمکەکان:

**ـ بەڕێوەبردن:**

بریتییە لە زانست و هونەری بەڕێوەبردنی دەرامەتە مادی و مەعنەوییەکان، بۆ هێنانەدی ئامانجە نەخشە بۆ کێشراوەکان[تر].

**ـ بەڕێوەبردنی ڕاگەیاندن :**

بریتیە لە هەوڵدانێکی ڕێکخراو بۆگەیشتن بە ئامانجێکی دیاری کراو لە ڕێگای قۆستنەوە و بەکارهێنانی ئەوکەرەستانەی کە لە بەردەست دان وەك سەرچاوەی مرۆیی و مادی و تەکنۆلۆجی و دارایی[یر].

**ـ توانای مرۆیی:**

بریتییە لەوەی کەمرۆڤ بەبیرکردنەوەیەکی خزمەتانە بۆ داهاتوو بروانێت، گۆرانکاری داهێنانێکی باش ئەنجام بدات بۆ بەڕێوەبردنی توانای مرۆڤ بۆ بەرەو پێش بردنی ئامانجەکان بۆ پەروەردە کردن و چاککردن و بەدەست هێنانی ئامانجەکان دەبێت سود لەتواناکانمان وەرگرین[سم].

**—ئافرەت یان ژن :**

فەیلەسوفی فەڕەنسی (سیمۆن دی بۆڤوار 1908–1986) لە ڕوانگەی جێندەریەوە پێناسەی ژن دەکات بەو بونەوەرەی کە دیاردەیەکی سروشتی نین، بەڵکو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و کلتورین، بۆ ئەم مەبەستەش پێی وایەکە لەناو هەلومەرجێکی کلتوری و کۆمەڵایەتیدائەم بونەوەرە دەبێتە ژن، هەر لەسەر ئەم بابەتەش (دیبۆڤوار) بەڕستە بەناوبانگەکەی دەناسرێتەوەکەبەبەردەوامی دوبارە دەکرێتەوە (تۆ وەك ژن لەدایك نابیت، تۆ دەکرێت بە ژن)[شم]

**ـ دامەزراوەی میدیایی کوردسات**

دامەزراوەیەکی میدیاییە لە سەرەتاوە وەك کەناڵیکی تەلەفزیۆنی بەناوی (کوردسات) دامەزراوە لە ساڵی (2003) ئێستە خاوەنی دوو کەناڵی ئاسمانی (کوردستات، کوردسات نیوز)ە لەگەڵ رادیۆیەك بەناوی (کوردسات) هەروەها خاوەنی پەیج و ئەکاونتی تایبەت و وێب سایتی تایبەت لە نێو دیجیتاڵ میدیادا، بەناوی کوردسات تیڤی

**ـ دامەزراوەی میدیایی نالیا**

دامەزراوەیەکی (نالیا) لە ساڵی (2011) ئێستە خاوەنی کەناڵێکی ئاسمانییە بەناوی (NRT)ە لەگەڵ رادیۆیەك بەناوی (نالیا) هەروەها خاوەنی پەیج و ئەکاونتی تایبەت و وێب سایتی تایبەت لە نێو دیجیتاڵ میدیادا، بەناوی (NRT)

**ـ دامەزراوەی میدیایی گەلی کوردستان**

دامەزراوەیەکی میدیاییە لە سەرەتاوە وەك کەناڵیکی تەلەفزیۆنی بەناوی ( GK گەلی کوردستان) دامەزراوە لە ساڵی (1991) ئێستە خاوەنی کەناڵی ئاسمانی (گەلی کوردستانە)ە رادیۆیەك بەناوی (گەلی کوردستان) هەروەها خاوەنی پەیج و ئەکاونتی تایبەت و وێب سایتی تایبەت لە نێو دیجیتاڵ میدیادا، بەناوی گەلی کوردستان

---

2پ.ی. د.عومەر أحمد، زانکۆی سلێمانی ، پسپۆڕی بواری ڕاگەیاندن —ڕۆژنامە

3– د.لانە صابر ،زانکۆی سلێمانی ، پسپۆڕی بواری ڕاگەیاندن —پەیوەندی گشتی .

[1]. کاروان عبدالله، مدیریت استگاه تلویزیونی ـ مقایسە میان مدیریت شبکە های تلویزینی سجر صدا و سیمای جمهوری اسلامی ایران و یام اقلیم کردستان عراق، پایان نامه ارشد غیر منشور، گروه مدیریت رسانە، دانشکدە مدیریت، دانشگاه تهران، 1393.ص 23.

[2]. حسن خجستە باقر زادە، مدیریت رسانە، تیسا، تهران 1393، ص 45.

3.ارمسترانگ،مایکل،مدیریت استراتژیك منابعانسانی، ترجمه ازانگلیزی: د.اترسید محمداعرابی و داودایزدی، دفتر پژوهشهای فرهنگی، تهران،1381، ص 67.

[4]مەریوان وریا قانع، سەرەتایەك دەربارەی فیمینیزم،گۆڤاری رەهەند،ژمارە18، سلیمانی چاپخانەی رەنج،2006 لاپەڕە160.

**ـ دامەزراوەی میدیایی گۆڕان**

دامەزراوەیــەکی میدیاییــە لــە ســەرەتاوە وەك کۆمپانیایــەك بــەناوی (وشــە) کــەناڵیکی تەلــەفزیۆنی بــەناوی ( KNN) دامەزراوە لە ساڵی (2007) ئێستە خاوەنی کەناڵی ئاسمانی (KNN)ە رادیۆیـەك بـەناوی (گـۆڕان) هـەروەها خـاوەنی پەیج و ئەکاونتی تایبەت و وێب سایتی تایبەت لە نێو دیجیتاڵ میدیادا، بەناوی گۆڕان و KNN

**ـ دامەزراوەی میدیایی کۆمەڵ**

دامەزراوەیەکی میدیاییە لە سەرەتاوە وەك کەناڵیکی تەلەفزیۆنی بەناوی ( پەیام) دامـەزراوە لـە سـاڵی (2008) ئێسـتە خاوەنی دووکەناڵی ئاسمانی (پەیام و بانگەواز)ە رادیۆیەك بەناوی (پەیام) هەروەها خاوەنی پـەیج و ئـەکاونتی تایبـەت و وێب سایتی تایبەت لە نێو دیجیتاڵ میدیادا، بەناوی پەیام.

## 9-1 **توێژینەوەکانی پێشوو:**

توێژینەوەکانی پێشـو دادەنرێـت بـە بناغەیـەکی زانسـتی کەتوێـژەر پشـتی پێدەبەسـتێت بـۆ توێژینـەوەکانی، بەسـوود وەرگرتن لە پرسیار و گریمانەی زانستی و جۆری میتۆدی بەکارهێنرا و وەگرنگترین ئەو دەرئەنجامانـەی کەتوێژینـەوەکان پێی گەیشتوون، وەهەوەها یارمەتی توێژەر دەدات بۆ بەراوردکردنی ئەو دەرئەنجامەی کە لەتەێژینەوەکەیدا پێی دەگـات بە دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکانی پێشوو بەمەبەستی لە گرنگترین ئەو توێژینەوانەی کەلەم بوارەدا بەردەستی توێژەران کەوتون بریتین لە هەریەك لە:

**ـ توێژینەوەی (نادیە عمر کاکە سور )**[5]

ئەم توێژینەوەیە رادەی بەشداری ژنان لە ڕاگەیاندنی کوردیدا دەردەخات، وەگرنترین ئەو بەربەستانەی کـە دێتەڕگـەیان لە شارەکانی هـەولێر، سـلێمانی، دهـۆك، بەبـەکارهێنانی میتـۆدی روپێـوی لەرێگـەی دابەشـکردنی فـۆڕی ڕپرسیبەسـەر سامپڵێك لە رۆژنامەنوسان، لە گرنگترین ئەو ئەو دەرئەنجامانەی کە توێینەوەکە پێی گەیشتووە

ـ دابونەریتی کۆمەڵگا بەیەکێك لە بەربەستەکانی بەردەم بەشداری ژنان لەکاری ڕاگەیاندن ئەژمار دەکرێن.

ـ رۆژنامەنوسە ژنەکان نەیاتوانیوە سودلە پیشەکەیان ببینن لە چارەسەرکردنی کێشە و دۆزی ژناندا.

ـ جیاکاری ڕەگەزی دەکرێت لەنێوان رۆژنامەنوسەکاندا بەجۆرێك لەبەرژەوەندی رۆژنامەنوسانی رەگەزی نێر دەرفەتیان زیاتر بۆ دەرەخسێت.

**ـ توێژینەوەی (چیمەن محمد رەشید )**[6]

بەناونیشانی گرفتە پیشەییەکانی ژنانی رۆژنامەوان لەهەرێمی کوردستان، کە توێژەر هەستا بە دراسـەکردنی هـەموو ئـەو رێگریـە کۆمەلأیـەتی و خێزانیانـەی کـە لەبـەردەم کـاری رۆژنامــەوانی ژنـان لـە دەزگـا رۆژنامەوانیـە کوردیەکانـدا دێتـە بـەردەمیان ئـەویش بەبـەکارهێنانی میتـۆدی رۆپێـوی لەرێگـەی فـۆرمی ڕاپرسـی و چـاوپێکەوتنی زانسـتی ، کۆمـەڵی توێژینەوەکەی بریتی بوو لەسەرجەمی ئەو رۆژنامەنوسەژنانەی کەکاردەکەن لە رۆژنامەو گۆڤارەکان و ئیزگە وکەناڵەکانی تەلەفزیۆن و پێگە ئەلکترۆنیەکان، وەلەڕیگەی سامپڵی هەڕەمەکی سادەوە مشتەی توێژینەوەکەی دیـاری کردبـوو، وەلـە گرنگترین ئەو ئەنجامانەی بەدەستی هێنا

---

[5] نادیە عومەر کاکە سوور، رۆڵی ئافرەت لە ڕاگەیاندنی کوردیا ، ماستەرنامە ، بلأونەکراوە، زانکۆی صلاحالدین، کولیژی ئاداب، بەشی کۆمەڵناسی، 2004..

[6] چیمەن محمد رەشی، گرفتە پیشەییەکانی ژنانی رۆژنامەوان لەهەرێمی کوردستان، (ماستەرنامە) بلأونەکراوە، زانکۆی سلێمانی ، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان، بەشی ڕاگەیاندن، 2009.

1– فشاری دەرونی لە دیارترین ئەو فشارانە بوو کە دووچاری رۆژنامەنوسە ژنەکانی ناو دەزگا ڕاگەیاندنەکان بووە

2– رۆژنامەنوسە ژنەکان ڕووبەڕووی فشارە جۆربەجۆرەکان بوون لەوانە فشاری کۆمەڵایەتی و گێچەڵی سێکسی.

3– داب و نەریت و خێزان دوو ڕێگری سەرەکی بوون لە بەردەم کاری ژنانی رۆژنامەنووس.

**ـ توێژینەوەی (حبیب مال الله ابراهیم، بەناز حمە ڕەشید)**[7]

توێـژەران لـەم توێژینەوەیـە دا دیـاترین ئـەو فشـارە پیشـەیانەیان دەرخسـتوە کـە ڕووبـەڕوی ژنـە ڕاگەیانـدکارەکان دەبێتەوەلە کەناڵە ئاسمانیە کوردیەکاندا، توێژەران کاریان بە میتۆدی وەصفی کـردووە، کـەفۆرمی ڕاپرسـی یەکێکـە لـە کەرەستەکانی، کۆمەڵی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لەسەرجەم کەناڵە ئاسمانیە کوردییەکان لە شارەکانی هـەولێرو سـلێمانی و دهۆك، لەگرنگترین ئەو دەرئەنجامانەی کەبەدەست هاتوون بریتین لە

–پەیوەندی نیە لەنێوان هۆکارە دیمۆگراف(ئاستی خوێندن و بـاری کۆمەڵایـەتی وجـۆری کارەکـەو ڕێگریـەکانی کـارکردن لەبەردەم خانمانی ڕاگەیاندکار، بەڵام پەیوەندی هەیەلەنێوان هۆکـاری دیمـۆگرافی و تەمـەن وسـاڵی کـارکردن، لەلایـەك و ڕیگریەکانی کارکردن لەلایەکی ترهەروەها پەیوەندی نیە لەنێوان هۆکاری دیموگرافی(تەمەن و ئاستی و خوێنـدن و سـاڵی کارکردن و جـۆری کارەکـە) لەلایـەك و ڕێگـری کۆمەڵایـەتی بـەڵام پەیوەنـدی هەیـە لـەنێوان بـاری کۆمەڵایـەتی و ڕێگـری کۆمەڵایەتی، پەیوەندی نیە لەنێوان تەمەن و ئاستی خوێندن و باری کۆمەڵایـەتی و سـاڵی کـارکردن و ڕێگـری دەروونـی، بەڵام پەیوەندی هیەیە لەنێوان جۆری کارکردن و ڕێگری دەروونی.

## 2- لایەنی تیۆری توێژینەوەکە

### 2-1. ژنـانی سلێمانی و رۆڵیان لە بەڕێوەبردنی دامەزراوەکاندا

زۆربەی ئەو ژنانەی لە رۆژهەلآت و بەتایبەت لە عیراق و کوردستان لە بوارەکانی وەك هونەری سینەما ، شانۆ، نواندن ، بواری تری وەك میدیا بـە هـەموو جۆرەکانیـەوە کادەکـەن لەلایـەن کۆمـەڵگاوە سـەرکۆنە دەکـرێن بەشـێکی زۆریـان بـە نەڕەخسـانی هاوسـەرگیری و پـەراوێز خسـتن کۆمەڵگـەوە تۆڵـەیان لێدەکرێتـەوە[8]، پرسـی ژن و میـدیا ئەگـەر بـۆ کـورد بابەتگەڵکی نوێ بێت، بـەو پێییـەی گـیرو گـازی بـەردەم رەوتـی کـارکردنی ژنـان هێنـدە تـەنگیان بـە جولآنـەوەی ژنـان هەڵچنییوە، ژنان لەبـەردەم مەترسـی سـرینەوەو کوشـتاردا تـەنیا هێشـتراونەتەوە.قەڵەم و دەنگـە جیاجیاکانیـان نایـان پە رژێتە سەر ئاوڕدانەوە لـە کایـە هەسـتیارەکانی وەك کایـەی میـدیا و زانکـۆ و ئـابووری و بـازاڕ لـە درێـژەی تێکۆشـانە بەربلآوە کۆمەڵآیەتییەکانی ژنانو لە مەیدان بوونی رێکخراوە کۆمەڵایەتیە ئەکتیڤەکانی بزاڤی ژنان کە هەوڵیان بارهێنـان و پێگەیاندن و بردنە سەری ئاگایی ڕەگەزی ژنان و بەدەستهێنانەوەی مافی ژنان بووە، هۆکارێکن بۆ ئـەوەی کـە ئەمرۆکـە ژنان بە هێزێکی زیاترەوە بتواننبەربەرەکانێ لەگەڵ نیزامی پیاو سالار بکەن و مەیدان لەبەرژەوەندی ئەو سیستمە چۆڵ نەکەن، ئامادەیی و بەهێزی پسپۆرانی ژن لە بوارە جیاوازەکـان، رۆژنامەنووسـان ومامۆسـتایانی ژن، تێکۆشـان لەبزاڤـە فیمینستیەکان، کۆشپێکی بەهێزی پێشتگیری لەبەرەو پێشچوونی دووبارەی سیستمی پیـاو سـالارین، لـەو سـەروبەندەدا

---

[7] حبیب ماللة ، بەنازحمەرەشید، ،الظغوط مهنیة علی الاعلامیات في القنوات الفضائیة الکوردیة، دراسة المیدانیة"المجلة الجامعة دهوك، مجلد(19)عدد(2)، 2016.

[8] روکاری بەشداری سیاسی ژنان، سەروەر کەریم، لەتیف فاتح، ئاوات یاسین، سەنتەری پەنا، کەرکوك .2006 لاپەرە 91

میـدیا ژنـانی وەك بێسـەروبەر، داواکردنـی شـتی لابـەلاو ناپێویسـت وێنـا دەکـرد، تاکۆتاییـەکانی سـەدەی نۆزدەهـەم چەواشەکردنی رایگشتی لەبارەی پرسی ژنان، شێواندنی کەیسەکانیان و درێو پیشاندنیان بەردەوام بوو، لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا ژنان کەوتنە سەر ئـەو بڕوایەیـدەبێت بـۆ راسـتکردنەوەی وێنـای شـێواو گەیانـدنی پـەیامی خۆیـان دەرەچەیەك بۆزنەوە لەو ڕوانگەیەوە کۆمەلێك گۆڤارو رۆژنامەی تایبەت بەخۆیان دەرکرد[9]، وێنای ژن لە میدیای کوردییدا یەکێکە لەو پرسە هەستیارانەی، تا ئێستا وەك پێویست نە لەلایەن قەڵەمەی ژنـان و نەلەلایـەن ناوەنـدە بایەخـدەرەکان بەبواری رۆشنبیری و کایەی میدیای کوردییەوە ئـاوڕی پێویسـتی لێنەدراوەتـەوە، [10]، لـە کاتێکـدا کردنـەوەی بەشـەکانی ڕاگەیادن و رۆژنامەنوسی لە زانکۆ و پەیماگاندا هاندەر رێگەخۆشکەرێك بوو بۆ هاتنە مەیدانی ژنـان بـە بەشـداریکردن لـە ناو دەزگا میدیاییە جۆربـەجۆرەکانی شـاری سـلێمانی و شـارەکانی تـری هـەرێمی کوردسـتانیش بـە جۆرێك ژمارەیـەکی بەرچاو لە ژنان لە ناو دامەزاروە میدیاییەکان کار دەکەن بەلاَم مـەرج نیـە ئـەو کـارەی کـە دەیکـەن کـاری مێـدیای بێـت هەندێك لە ژنان لەبەشە لاوەککیەکانی نێو دەزگا مێدیاییەکان کاردەکەن چ بەشێوەیەکە ڕاستەوخۆ یاخود ناڕاسـتەو خـۆ پەیوەندیان بە کارو بەشداری کاری میـدیایی نیـە لـە دەزگاکانـا، بـەپێی ئەنجامـەکانی توێژینەوەیـەك کەلەسـاڵی 2015 ئـەنجام دراوە لەهەریـەك سـێ پارێزگاکـەی هـەرێم (هـەولێر، دهـۆك، سـلێمانی) لـەناو 8کـەناڵی ئاسمـانی کوریـدا تـەنها 132رۆژنامەنووسی ژن بوونی هەبووە[11].

هـەر کۆمەڵگایـەك بیـەوێت هـەنگاو هـەڵبهێنێت بـەرەو پێشـکەوتن بەرهەڵسـتکاری لـە دابوونـەریت دێنێتـە کایـەوە بـەو شێوەییەی کـە چـۆن بتوانێـت پارێزگـاری لێبکـات و پێشـی بخات؟چـی بهێڵـت و چـی لابەرێت؟بـەلاَم دەبێـت بـزانین کـە گۆرانکاری لە دابونەریتا بەترسکناکترین هەنگاو دادەنرێت، چونکە دابونەریت بریتیە لەو ڕووەکلتورییەی کەلەڕوانگەیـەوە بنـەماکانی ڕەوشـت دادەرێـژرێت ووسیسـتم و میکـانیزمی پەیوەندیـە کۆمەلاَیەتیـەکان لـەنێوان تـاك و کۆمـەڵ و لـەنێوان کۆمەڵکاندا و هەروەها دیارکەری بنەمای کەسایەتیەکۆمەلاَیەتیەکانە، جـا لەڕوانگـەی ئـەو ململانێیـەدا کەلـەنێوان گـۆڕان وبنیاتنتنەوەی کۆمەڵگادا بەشێوەیەکی مەدەنی جیاوازی دەرفـەتی کـارکردن لـەژێر کاریگەریـەتی دابونەریتـدا لـە نێـوان ڕەگەزەکانی کۆمەڵدا(نێر و مێ)بە ئاشکرا دەردەکەوێت کە زیاتر دەرفەت بە ڕەگـەزی پیـاو فراوانـرە تـاکو ڕەگـەزی ژن، [12]، لێرەشەوە گرنگە ئاماژە بە جۆرێك لە توندوتیژی بکەین کە ڕوبەڕووی ئـەو ژنانـە دەبێتـەوە کـە کـار دەکـەن جـا لـە دەزگایەکی میدیایی دا بێت یاخود هەر فەرمانگەیەك کەبریتیە لە توندو تیژی وەزیفی کە ئەوجۆرەیە لە توندو تیژی کە کومەڵ بەهۆی دابەشبوونی رۆڵی کۆمەلاَیەتیەوە دروستی دەکات ، ئەویش لەسەر بناغەی رۆڵی بایـەلۆجی هەریـەك لـەدوو ڕەگەزەکە ، پشتئەستوور بە کۆمەڵێك تێڕوانینن و بنەماو دابونەریت کە دەبنە هۆی نایەکسانی لە کارلـە نێـوان هـەردوو ڕەگەز[13]،هەلاَواردنی ژنان لە ڕووماڵی میدیادا دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی هەژدەهەم، ژنان لە بـزاوت و خـەمڵینی بزوتنـەوەی کۆمەلاَیەتیدا بوون، لەئـەمریکای بـاکوور و ئـەوروپا داوای بـەدیهێنانی یەکسـانی لـەمافی دەنگـدانیان دەکـرد، رۆژنامـەو

---

[9] ئەرسەلان رحمان، توندوتیژی دژ بەژنان —ژن لەمیدیادا، گۆڤاری ژن مەگەزین ژمارە 18، ساڵی 2018.

[10] ئەرسەلان رحمان، توندوتیژی دژ بەژنان ـ ژن لەمیدیادا، گۆڤاری ژن مەگەزین ژمارە 18، ساڵی 2018.

12 حبیب ماللة ، بەنازحمەرەشید، ،سەرچاوەی پێشوو،ل11.

[12] سەروەر کەریم و لەتیف فاتح و ئەونیتر، روکاری بەشداری سیاسی ژنان، سەنتەری پەنا، کەرکوك، لا18، 2006.

[13] کنێر عبدالله ، سەرچاوەی پێشو ل 25.

ئاژانسە هەواڵیەکان بەردەوام ئەو بزاوت و چالاکیانەی ژنانیان پشتگوێ دەخست، نەیاندەویست ڕووماڵیان بکەنزلەحاڵەتی ڕوماڵکردنیشدا عەقڵی شاراوەی پیاوان لە میدیادا لەهەوڵی شێواندنی ئامانجی چالاکیەکانی ژنانی دەدا،هەر لەو کاتەدا داواکرابوو نوێنەرایەتی لاوازی ژنان لە داڕشتنی هەواڵ و زانیاریەکان بەهێز بکرێت، بایەخ بەو چیرۆکە هەواڵیانە بدرێت، کەلەلایەن ژنانەوە ئامادەدەکرێت ، ڕوانگەی ژن لە هەواڵ وراپۆرت و ژانرە ڕۆژنامەنووسیەکان زیاتر بایەخی پێبدریت.[14]

بۆیە دەکرێت بلێن ئەو نایەکسانیەی لە ژمارەی ژنان و پیاواندا بەدیدەکرێت لەناو زۆرینەی کایەکانی کۆمەڵدا وابەستە یاخود ڕەنگدانەوەی ئەو چەمکەیە کەبە توندوتیژی وەزیفی ناوزەند دەکرێت کە بریتیە لە ئەو جۆرەی توندو تیژییەیە کەلەلایەن خاوەنکار یاخود لێپرسراوی کارەوە دووچاری ژنانی فەرمانبەر دەبێت و لەسەر بنەمای جیاکاری ڕەگەزی و نەبوونی یەکسانی و دادپەروەری لەماف و ئەرکدا سەرئەنجام ئازاری جەستەیی و دەروونی و یاسایی و ئابووری بۆ ژنان لێی دەکەوێتەوە لەلایەکی دیکەوە گێچەڵپێکردنی سێکسی لە شوێنی کارکردندا یان دامودەزگا حکومیەکاندا چەندین ڕەوشتی توندڕەوانە لە خوی دەگرێت ئەوەش بەتایبەت لە هەڵسوکەوت ، قسەکردن، کردەوە ، جموجۆڵ ونوسیندا دەردەکەوێت، دەشێت کاریگەری هەبێت لەسەر کەسایەتی و کەرامەتی ئەو کەسەو یان سەلامەتی جەستەیی و دەروونی سەرەنجام هەڕەشە لە جۆری کارەکەی دەکات یان دەبێتە هۆی گەندەڵی و تێکشکانی بارودۆخی کارکردن.[15]

## 2-1-1. مێژووی بەشداری ژنانی کورد لە بواری روژنامەنووسی

گەریدەو گەشتیارە رۆژئاواییەکان لەسەدەکانی دوازدە بەدوا بەتایبەتیش لەسەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەددەی بیستەم ، لەیاداشت و نوسراوەکانیان ئاماژەیان بە رۆڵ و ئازایەتی و سوارچاکی و لەخۆ بوردووی ژنانی کورد کردووە لە چاپکراوەکانیاندا تابلۆی کچان و ژنانی کوردستانیان کێشاوە و رووخساری جوانی و ئازایەتی ژنانی کوردیان نیشان داوە ، نوسەرە رۆژئاواییەکان یەکەمین کەسانێکن کەسەر لاپەڕەی رۆژنامەو گۆڤارەکانیان وتاریان سەبارەت بە ژنانی کورد نوسیوە، لەناو کوردیشدا شەرەفخانی بێدلیسی لە کتێبی(شەرەفنامەدا) و ئەحمەدی خانی لە داستانی (مەم و زین)و چەندانی تر ئاماژەیان بە رۆڵی ژنانی کورد کورد کردووە لەناو پایەکانی دەسەلات و میرنشینە کوردییەکاندا .لە سەدەی نوزدە مەستوورە خانمی ئەردەلانی (1805-1847)وەك هەڵبەستەوان و یەکەم ژنە مێژوونووسی کورد رۆڵی دیاری خوی نیشانداوە، رەوشەن بەدرخان 1909-1992)ی خێزانی جەلادەت بەدرخان بەیەکەم ژنە رۆژنامەوانی کورد دەناسرێت کەشانبەشانی هاسەرەکەی بەشدارییەکی چالاك و کارای هەبووە لە ئامادەکردن و دەرخستنی گۆڤاری هاوار* (1932-1954).[16]

هەنگاو بە هەنگاو لەگەڵ هەر شۆرش و ڕاپەڕینێکی کوردیش ژنان رۆل و شوێن و کاریگەرییان ئەگەر کەمیش بووبێت لە هەموو بوارەکانی رامیاری و کۆمەلأیەتی و رۆشنبیری و پەروەردەیی و ئابووری ولأتدا نیشانداوەو جێ پەنجەو

---

[14] ئەرسەلان رەحمان سەرچاوەی پێشوو

[15] کنێر عبدالله ، سەرچاوەی پێشوو .

* گۆڤاری هاوار میر جەلادەت بەدرخان سەرۆکی خۆیبون ، خاوەن ئیمتیازی بووە تیکرا 57ژمارەی لێدەرچووە بە سێ قۆناغ ، گۆڤارەکە سەرەتا بە حەرف عەرەبی و لاتینی چاپ کراوە دوایی هەمووی بووە بە لاتینی .

[16] نەوشیروان مستەفا ئەمین، بەدەم رێگاوە گوڵچنین، کتیبی دووەم ، بەرگی یەکەم، دار العربیە للعلوم ناشرون، 2013، ل355.

هەوڵەکانیان کردۆتە مۆرێك بە مێژووی گەلەکەیانەوە، لە بواری رۆژنامەوانیشدا، گەلێك ژنی تێکۆشەر لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم هاتونەتەگۆڕەپان، بۆنمونە (نورییە علوییە مەولان)ی خاوەن ئیمتیازی رۆژنامەی (جیهانی ژنان) کە ساڵی 1913–1921 خاوەنی ئیمتیازی رۆژنامەی (کادلینەر دونیاسی – جیهانی ژنان) بووە سەرچاوە رۆژئاواییەکان دان بەو راستیەدا دەنێن کە( ڕەفعەت مەولان زادە)هاوکار و هاندەرێکی باشی خاتوو نورییە علوییەی هاوسەری بووە لە کارەکانی رۆژنامەکەداو هەر بە هاوکارکردن و دواکاریکردنی جیاکاری مافەکانی ژنان و جیاوازی نەوەستاوە هەوەها بەئامانجی لیك نزیکردنەوەی (جیهانی ژنان و جیهانی پیاوان) هەستاوە بە دامەزراندنی یەکەمین رۆژنامەی تایبەت بە پیاوان لە مێژووی رۆژهەلاتی ناوین بە ناوی (ارککلر دنیاسی – جیهانی پیاوان)لەساڵی 1914وە تەنها 1 ژمارەی لی چاپکراوە نمونەی هەرە بەرچاویان رەحمە خانی کچی پیرەمێرد*ی هەڵبەستەوان کە دوای کۆچی دوایی باوکی، ئەگەر چی رۆژنامەوان نەبووە بەلاّم بۆ خۆی ئیمتیازی رۆژنامەی (ژین)* وە ئەستۆ گرتووە،[17] لە کۆتایی ساڵی (1950) کانیشداچەندان ژنی هەڵبەستەوان و خاوەن پێنووس وەك ئەندامانی دەستەی نووسەران لە گۆڤار و رۆژنامەکانی سالاّنی پەنجاکان نمونەیەکی بەرچاون و رۆژبەرۆژ لەگەڵ گۆرانکاری پێشکەوتنە کانی کوردستان، پێنووسی ژنانیش بەردەوام رووی لە زیادبوون کردووە کە ئەمرۆ لە ژمارە نایەن و نوسەر و رۆژنامەوانە ژنەکانی کوردئەمرۆ پێنوسەکانیان کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر ئاستی گفتوگۆ و گۆڕانکارییە سیاسیە رۆژانییەکان کردووە، ئەم ژنامە بە پێنووس و چالاکیەکانیان هەبوون و ئازادی خۆیان سەلماندووە بەتایبەتیش لەم ساڵانەی دوایدا دەرخستنی چەندین رۆژنامەو گۆڤارو بلاّوکراوەی سیاسی و کۆمەلاّیەتی و هونەری و رۆشنبیری گشتی ژنان، لەگەڵ بەشدارییەکی بەرچاوی ژنان لەبوارەکانیتری رۆژنامەوانی و راگەیاندندا وەك(رادیۆ، تەلەفزیۆن، ئینتەرنێت)، یەکەم بلاّوکراوەی ژنانی کورد لەسالی 1952 لە باشووری کوردستان لە شاری سلێمانی بە ناوی (ئافرەتی ئازاد) دەرچووەو، یەکەم گۆڤاری ژنانی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان لە ساڵی 1979بەناوی (دەنگی ژنانی کوردستان) دەرچووەو، یەکەم بلاّوکراوەی ژنانی کوردی لە رۆژئاوای کوردستان لەساڵی 1989 بەناوی (ژنا کورد) لەشاری قامیشلۆ دەرچووە[18]، یەکەم قەڵەمی ژنی کورد دەتوانرێت بوترێت گوزیدە عەزیز بەرێوەبەری قوتابخانەی کچانی سلێمانی بووە کەلە 22ی نیسانی 1926دا لە لاپەرە1 ی ژمارە 13 ساڵی یەکەمی رۆژنامەی ژیاندا بابەتێکی بلاّوکردۆتەوە بەناوی (ژن و ئەئسیراتی حەیاتی مەدەنی)، [19]یەکەم بلاّوکراوەی ژنانی کوردی لە باکووری کوردستان لەساڵی 1989 بەناوی (کادن کورتولوش–رزگارکرنا ژن) لە ئەوروپا دەرچووەو یەکەم ژنە خاوەن ئیمتیازی کورد لە مێژوودا (رەحمە خانی کچی پێرەمێرد)ە کە دوای کۆچی دوایی باوکیەوە ئیمتیازی رۆژنامەی ژینی وەرگرتووەدوابە دوای ئەوەش ژمارەیەکی بەرچاو لە بلاّوکراوەی تایبەتمەند بە ژنان

---

* پیرەمیرد:شاعیرو رۆژنامەونوس لەساڵی 1867لەشاری سلێمانی لەدایك بووە، لە 19ی حوزەیرانی 1950کۆڤی دوایی کردووە لەسەر داخوازی خۆی لە گردی مامەیارە بەخاك سپێردراوە.

* گۆڤاری(ژین) لە لایەن کۆمەڵەی تەعالی کوردستانەوە دەرکراوە کە بەسێیەم ڕێکخراوی کوردی سیاسیو ڕۆشنبیری دادەنرێت کە گرنگی داوە بە گەشە پێدانی بنەمای فیکری و ڕۆشنبیری و ڕۆژنامە نوسی کوردی لە مێژووی ڕاگەیاندنی کوردی دا کەلە ساڵی 1918 لەلایەن (شێخ عبدالقادر کوڕی شێخ عوبەیدولاّی نەهری) دامەزراوە کە گۆڤارێکی مانگانەی هەمە لایەن بووە کەبە 16 لاپەڕە بووەو بەهەردوو زمانی کوردیو تورکی چاپ کراوە.

[17] هەڤاڵ ئەبوبەکر، چەشنە ئەدەبی و رۆژنامەنوسیەکان و ڕەنگدانەوەی لە( ژین و ژیان ، )، 2007، ل، 238.

[18] (ببلۆ گرافیای رۆژنامەوانی ژنانی کوردستان – رێناس نەورۆزی ، لاپەڕ13 ، 2011

[19] جوان جلال الدین ، قەڵەمی رۆژنامەنووسی ژن ، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ساڵی سێیەم، ژمارە(9)کانوونی یەکەمی 2016، ل177.

لە کوردستان دەرچوون بەڵام وەك بەشداری چالاکانەی ژنان لە دەرکردن و خاوەنداریەتی هەریەك لەو بڵاوکراوانەدا چەند ناوێکی تر دێنە پێشەوە کە ڕۆڵ و بەشداریەکی تاڕادەك باشیان هەبووە لەوانەش سەرنوسەری گۆڤاری تەوار کنێر عبداللە و هانا شوان و چەندان ژنی تر.[20] .

## 2-1-2. واقعی کارکردنی ژنان لە دامەزراوە میدییەکان

ئەو ژنانەی، کە لەبواری ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەوانیدا کاردەکەن بەپێی جۆری کارکردنەکەیان دەتوانرێت پۆلێنیان بکەین، لەوانە : هەندێکیان پیشەی ڕاگەیاندنیان کردووەتە هۆیەك بۆ جێبەجێ کردنی پێداویستیەکانی ژیان و گوزەران، هەروەك و چۆن، کە دەگەنە هەندێك پلەو پایەی باشتر واز لەکاری ڕۆژنامەوانی دەهێنن.هەندێکی دیکە ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەوانیان وەك ئارەزوویەکی خۆیان هەڵبژاردووە ، بۆ کارکردن ،ڕۆژنامەنوسیان بەلاوە هۆیەکە بۆ هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگەو بەرگریی لەخواست و مافەکانیان ،ئەمەش هیوایەکی گرنگە بۆیان تاخۆیان بخزێننە ناو بوارەکەوە، [21] بەلام مەرج نیە هەموو ئەو نوسینانەی، کە لە ڕۆژنامەو گۆڤارو بڵاوکراوە ژنانەکاندا لەژێر ناوی ژناندا بڵاودەکرێتەوە، هەر هەموویان بەرهەمی بیرکردنەوە یان دارشتنی ژنان بن ، زۆرێك لەم نوسینانە پیاوان دەیاننووسن و لەئەنجامی هۆی جۆراوجۆرەوە نوسراون. زۆر لە پیاوان بۆ هەندێك مەبەست بابەت بەناوی ژنانەوە دەنوسن، زۆربەی ئەو مەبەستانەش تایبەتین، زۆربەشیان گشتین .ئەو نوسینانەی، کە پیاوان بەناوی ژنەوە دەیانوسن و بڵاوی دەکەنەوە ڕەنگدانەوەی عەقڵیەتی پیاون، لەبەر ئەوەی کۆمەڵگەی ئێمەش کۆمەڵگەی پیاوسالاریە دەکرێت بیرو ڕای پیاو لەنوسینی ژنانیشدا ڕەنگبداتەوە، ڕەنگە هەندێك جاریش ئەو پیاوانە مەبەستیان خزمەتکردن بێت ، بەلام مەرجیش نیە هەمیشە وابکەوێتەوە، ڕەنگە هەندێك جار کێشەکە قوڵتر بێتەوە، چونکە حەزو ویستی ژن لە حەزو ویستی پیاو جیاوازە و پیاوان ناتوانن لە تەواوی حەزو وویستەکانی ژنان تێبگەن .واتە نەپیاوان دەتوانن وەك ئەوەی پێویستە جێگەی ژنان بگرنەوە، نە ژنانیش بە شێوەیەکی حەقیقی سروشتی پێگەی ڕاستی خۆیان بەم شێوەیە دەدۆزنەوە. ڕەنگە لە هەندێك نوسیندا نەتوانرێت سیماکانی هەستی ژن بدۆزرێتەوە، چونکە ئەو شێوە نوسینانە دەکرێت پیاوێك ، ڕێکخراوێك ،یان حزبێك بیان وروژێنێت و کەسانی سادەش نەزانن چ ڕەگەزێك لە پشتیەوەتی[22] ، لەپەنجاکان، ڕۆژنامەوانیی کارو ئەرکی لەنێوان ڕەگەزی پیاو و ژن لە نێوان خۆیدا دابەشکرد، ئەوەش زیاتر لە بەرێوەبەرایەتی و بەرپرسێتیدارەنگی دایەوە ماڵ و ماڵداری ، پەروەردەی منداڵ بۆ ڕۆژنامەنوسی ژن بەجێهێڵدرا و سیاسەت و ئابووری و دەرەوەی وڵات بە ڕۆژنامەنووسی پیاو سپێردراوە[23].وە بە شێوەیەکەی گشتی ئاستەنگەکانی پێش ژنان لە بەشداریان لەکاری ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەنووسیدا بریتیە لە[24] : سروشتی سیستمی پیاوسالاری: .گەر سەیری خێزانی کورد بکەین سەبارەت بە سیسمی پیاوسالاری ئەوا سروشتی سیستمی پاوسالاری زاڵە گەر چی گەلی کورد هاوشێوەی گەلانی دیکەی جیهان بەرەو کرانەوە هەنگاوی هەڵناوە وئەو

---

[20] (ببلۆ گرافیای ڕۆژنامەوانی ژنانی کوردستان – ڕێناس نەورۆزی ، لاپەڕ13 ، 2011.

[21] ڕۆزە حمەوەیس بونیاد و ڕێکخستنی بابەت لە ڕۆژنامەی ژناندا، ماستە ر نامە (بلاۆنەکراوە)زانکۆی سلێمانی ، کولێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان، بەشی راگەیاندن، 2011.ل49.

[22] کەژاڵ ئەحمەد، وونبوونی فیکرو کارو بەرهەم لای ڕەگەزی مێ ، گۆڤاری وان 1992،ژمارە 4 لاپەڕە 65 .

[23] ئەکرەم فەرەیدون، و مەغدید سەپان ، یەکسانی ژن و پیاو لەراگەیاندنی سویدی دا ، گۆڤاری ڕۆژنامەنووس ، 2006،ژمارە 8،لا 72.

[24] نادیە عومەر کاکە سور ،ڕۆڵی ئافرەتی کورد لە ڕاگەیاندنی کوردیدا ، هەمان سەرچاوەی پێشو، لاپەڕە113

گۆرانکاریانـەش زۆر بـوار دەگرێتـەوە ، بـەڵام هێشـتا گۆرانکاریـەکان لەئاسـتی پێویسـتدا نـین و نـەیانوانیوە سـیمایەکی هاوچـەرخ بـدەن بـە کۆمەڵگـەی کـوردی تـا ئـەم کاتـەش هەنـدێ لـە ژنـان لـە دووتـوێ وتـاری سیاسـی و ڕاگەیانـدنا بەیەکسانیپیشان دەدرێت کەچی لە واقعدا ئەو ڕەگەزەیە کە چەند هەنگاوێك لەدواوەی ڕەگەزی نێردایە نـەك هـەر تـەنها لەناو کۆمەڵ بگرە لەناو حیزبە سیاسیو دەزگا رۆژنامەوانیەکانیش[25] . د.کەمال مەزهەر دەڵێت پیاوی کـورد لـە دەرەوە ئـالای یەکسـانی هـەڵگرتووە لەماڵـەوەش تـێلای بێسـانی[26] وە نـەبوونی ئـابووریی سـەربەخۆ، نەخوێنـدەواری، کـەمی دەرفەتەکانی کار، بۆچونی پیاوی کورد سەبارەت بەژن و ترسی ئافرەت لەکۆمەڵگە[27] .

ژنانی کورد هەولیان داوە سەرەرای ڕیگریەکانی بەردەمیان کار لـە دەزگـا جۆربـەجۆرەکانی ڕاگەیاندنـدا بکـەن و جێگـەو پێگـەیان پتـەو بکـەن جـا ئـەو کارکردنـەیان وەك حـەزو خولیایـەك بووبێـت یـاخود وەك رووبەڕووبونـەوەی سیسـتمی پیاووسالاریی چونکە بە پێی ئەنجامـەکانی توێژینەوەیـەك کەلـە هـەرێمی کوردسـتان ئـەنجام دراوە سـەبارەت بـە گرفتـە پیشـەییەکانی بـەردەم ژنـانی رۆژنامـەنووس دەرکـەوتووە کەلەپلـەی یەکەمـدا خولیـاو ئارەزوویـان بۆکـاری راگەیانـدن گەڕاندۆتەوە ، خۆسەپاندن لە ریزبەندی دووەمدایە، هەردوو بژاردەی بژێوی و نیوبانگیش لە پلـەی سـێیەم و چـوارەمدان[28]،لەسەرەتای رۆژنامەنووسی کوردیدا ژنی تێدا نەبووە هەروەك سەرەتای ڕاگەیاندنی جیهانیش پیاوان بوون و بە غیـابی ژن دەرکەوتوون ، دواتر ژن هاتونەتە نێو بوارەکەوە بەڵام رووناکبیرانی کوردی ئەو سەردەمە کەلەبواری رۆژنامەنووسـیدا کاریان کردووە بابەتیان لەبارەی ژنانەوە نوسیوە و داوای ئازادی ژنی کوردیـان کـردووە لـە کۆتوبەنـدە کۆمەڵایەتیـەکان وەهانیان داون بۆ خوێندن و خۆررۆشـنبیرکردن، هـەروەها رۆڵـی ژنیـان بـەرز نرخانـدووە لـەبواری ئـابووری ویەکسـانی و کۆمەڵایەتیـدا[29]، لـە ناوەڕاسـتی سـەدەی بیسـتەمدا بەشـداری و ئامـادەگی ژنـانو بزاوتـی کۆلۆنیـالیزم و جوڵانـەوە سیاسییەکانی دژ بە مەدەنییەکان بزوتنەوە لە رزگاری نیشتیمانی وڵاتان دەنگی ئەوانی زۆرتر هێنایە پێشەوە، ژمارەیەك گۆڤار و رۆژنامە لێرەو لەوێ لەلایەن ژنانەوە دەرچوون ئەو ڕەوشە نوێیە سەرنجی کۆمەڵگای نێـو دەوڵـەتی زۆرتـر بـەلای خۆیـدا ڕاکێشـا لـە کۆنگرەیـەکی تایبـەت بەپرسـی مەکسـیکۆ لەنەتـەوە یـەکگرتووەکان لـە سـاڵی 1976شـیکردنەوەی کەناڵـەکانی ڕاگەیانـدن و پشتبەسـتن بەیەکسـانی و ڕەگـەزی هێنایـە پێشـەوە، لەکۆنگرەکـەدا ئـەو پرسـە بەشـێوەیەکی هەمەلایەنانە تاوتوێکرا، ژمارەیەك ڕاسپاردەو نەخشەرێی تایبەت بە کاری مێدیا ئامادەکرا، داوا لـەوڵاتانی جیهـان کـرا لـە پێناو جێبەجێکردنی ئەو ڕاسپاردانە کاری زۆرتر بکەن. لە کاتێکدا ژنی کورد لە ساڵی 1945دا ئەرکی خاوەن ئیمتیازی رۆژنامەیەکی وەك ژینی گرتۆتە ئەستۆ ، هـەروەها لەسـاڵی 1948دا لـە گۆڤـارێکی وەك نـزار*دا کـە گۆڤـارێکی سیاسـی هەفتانە بوو ژن بە شداری هەبووە و بە قەڵەمەکەی هەوڵی داوە باس لە ماف و ئازادییەکانی ژن بکات و ئاشنای بکات بـە

---

[25] هەمان سەرچاوە.ل76.

[26] کەمال مەزهەر ئەحمەد، ئافرەت لەمێژوودا، چاپخانەی حوادث، بەغداد،1981،ل 30،.

[27] نادیە عومەر کاکە سوور ، سەرچاوەی پێشو لاپەڕە 106.

[28] چیمەن محمد رەشید، سەرچاوەی پێشوو ل155.

[29] نادیە عومەر کاکە سوور ،سەرچاوەی پێشو لاپەڕە 107.

* گۆڤاری نزار یەکەمین گۆڤاری سیاسی کوردی ڕێگەپێدراوە لە نێوان سالانی 1948تا1949بەهەردوو زمانی کوردی و عەرەبی لەلایەن عەلائەدین سەجادیەوە دەرچووە.

خوێنەرانو ژنی کورد[30] . بە گوێرەی راپۆرتێك کەلەلایەن گۆڤاری تایمی ئەمریکایی لە ژێر ناونیشـانی راسـتی شـۆکهێنەر لە بارەی ڕەوشی ژن لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنکەلە حوزەیرانی ساڵی رابردوو ئامادەیان کردبووکە تێیدا چـاودێری رەوشـی ژنانیان لەمیدیای ژنانی ئەمریکی کردبوو، بە گوێرەی زانیاریەکانی ناو راپۆرتەکە، لەمیدیای ئەمریکیدا، هەژممنی پیاوانی میدیا هێندە زیاترە کەژنانیان لەپەراوێزدا هیشتوەتەوە بە جۆرێك لـەکۆی مـاوەی ڕومالّـدا تـەنها ٪32ی ژنـان لەبـەردەم کامێرا دەرکەوتوون ، تەنها لە ٪37ی ژنان لە دارشـتنی هەواڵەکانـدا بەشـدارن، لـەکاتێکا پیـاوان رێـژەیان٪63یـە[31].بـە گشتی وەك تایم بلاّویکردۆتەوە، هەژموونی پیاوان لەناو میدیادا جێگیرەو وەك رێژەی نەگۆر هیچ گۆراانکاریەکی بەسـەردا نەهاتووە.

## 2-2. بەڕێوەبردن و بەڕێوەبردنی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن :

### 1-2-2. بنەرەتی چەمکی بەڕێوەبردن:

بنـەرەتی چـەمکی بـەڕێوەبردنیش (Administrations) لـە زمـانی ئینگلیزیـدا بریتییـە لـە سەرچـاوەی وشـەی (Administer ) کە لە بنەڕەتدا لە وشەیەکی لاتینی وەرگیراوە ئەویش لە دوو برگـە پێکهـاتووە (Administrate) واتە خزمەت گوزاری، یاخود هەڵسـان بەخزمـەت کردنـی یـان گەیشـتن بـە میکـانیزمی خزمـەتکردنی لـە رێگـەی هونـەری بەڕێوەبردنەوە، زاراوەی بەڕێوەبردن لەزمانی کوردیدا لەبنەرەتدا وشەیەکی لێکدراوە لە هەردوو ووشەی (بەرێوە +بردن) دروست بووە، لە ئاوێتەبوونی ئەو دوو وشە سەربەخۆیە زاراوەیەك دروست دەبێت بەمانای "ئەو چالاکیانەی کەسێك یـان گروپێك پێی هەڵدەستێت بەمەبەستی هەڵسوڕاندنی کارەکان بۆ گەیشتن بە ئامانجی دیاریکراو" .[32]

لەم گوشەنیگایەوە بـۆ تێگەیشـتن لـە چـەمکی بـەڕێوەبردن ولەبەرچـاوگرتنی قۆنـاغی مێـژووی و خوێنـدنگا فکرییـەکانی بەڕێوەبردن، توێژەران چەند پێناسەیەك ئەخەنەڕوو، ئەمەش تیگەیشـتن لـە بـیرورای خوێنـدنگاکانی فکـری بـەڕێوەبردن وناسینیان ئاسانتر دەکات[33].ئەندازیاری فەرەنسی ـ هێنری فایۆل Henry Fayol، کەلایەنگری خوێندنگای کلاسیکی یە پێناسەی ئیدارە دەکات بە (کرداری پێش بینی کردن و پلانو رێخستن) پاشان هەستان بەئاراستەکردن و چاودێری.

هەرچی ـ مـاری پارکرۆفۆلێـت،ە کـە سەرمەشـقی ئـەو توێژەرانەیـە کـە پشـتگیری لەبایەخـدان بەلایـەنی مرۆیـی لـەبواری بەڕێوەبردندا دەکەن، رای وایەکە (بەڕێوەبردن هونەری جێبەجێکردنی شتەکانە لە رێگای خەڵکییەوە).

لەکۆتاییدا توێژەران لە ژێر رۆشنایی ئەم پێناسانەو چەندین پێناسەی تردا پێپناسەی چەمکی بەڕێوەبردن دەکەن بەوەی کـە (کـرداری دەسـت نیشـان کـردن و بەئـەنجام گەیانـدنی ئامانجـە خوازراوەکانـە لـە رێگـای ئەرکـە سـەرەکییەکانی بەڕێوەبردنەوە، کە پێکدێن لە پلاندانان، ریکخستن، بریاردان، ئاراستەکردن، چاودێری کردن)، یاخود دەکرێت پێناسـەی بەڕێوەبردن بەوە بکرێت کە بریتە لە ( لە زانست و هونەری بەڕێوەبردنی دەرامەتە مادی و مەعنەوییەکان، بـۆ هێنانـەدی ئامانجە نەخشە بۆ کێشراوەکان).[34]

[30] صدیق صالح ، گۆڤاری نزار، چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمای 2000، ل12.

[31] . ئەرسەلان رحمان ، سەرچاوەی پێشوو.

[32] . دیاری عوسمان عارف، هونەری بەرێوەبردن وبەرێوەبردنی کەناڵە تەلە فیزونیە ئاسمانیەکان لە هەریمی کوردستاندا، سلیمانی، 2010، ل39

[33]. پرینگل واف. استار، پیترکی و مایکل، مدیریت رسانە های الکترونیکی، ترجمە از انگلیزی: علی اکبر فرهنگی، سروش، تهران،1391. ص 125.

[34]. دیلمان محمەد سابیر، بنەماکانی ئیدارە ، سلیمانی، 2011، ل 18–21.

**2-2-3. دامەزراوە چی یە؟**

لەپێناسەیەکی گشتی دا دامەزراوەکان بریتین لە هەرکارێکی گروپی و کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابوری کەئامانجەکانی دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی سەرکەوتوو پەیرەو دەکەن و لەبارەی چۆنیەتی جێبەجێکردنی چالاکیە ( کۆمەڵایەتی، سیاسی، مرۆیی و ئابووری ....هتد) چاودێری و کۆنترۆڵی هەیە و خاوەنی سنوری دیاریکراوە لەگەڵ ژینگەی دەوروبەریدا، لەزانستی کۆمەڵناسیشدا (دامەزراوە) چالاکیەکی بەرنامە بۆ دارێژراوەو خاوەن ئامانجی دیاریکراوە، لەسەر بنەمای هاوکاری و کاری گروپی کاردەکات و چالاکیەکانی جێبەجێ دەکات [35].

روانگەی زانستی بەرێوەبردن بۆکارو سیستمی بەرێوەبردنی هەردامەزراوەیەك رێکارێکی (پیشەیی کەرەستەیی) یە لەگەڵ ئەوەی دامەزراوەیی بوون بۆ هەر کۆمپانیاو دەزگاو رێکخراوێك کەرەستەو رێکاری گەیشتنە بەئامانج .

بونیاد گەرانی ئەڵمانی و فەرەنسی لەبارەی بونیادو ستراکچەری دامەزراوەیی ئاماژە دەدەن بە پەیوەندیەکی قوڵی بەش و لایەنەکانی هەردامەزراوەیەك و پێشیان وایە هەیکەلی کار (ستراکچەر) ی هەر دامەزراوەیەك پێکدێت لە رێکخستن و تەرتیبکردنی پەیوەندیەکانی نێوان لایەن و بەشەکانی  تری دامەزراوەکە. لە کاتێکدا (بونیاد گەرانی) دامەزراوەی ئەمریکی جەخت لەوەدەکەنەوە  کە (ستراکچەر) دامەزراوەکان لەسەر بنەمای پلەبەندی دادەرێژرێت. بەهەرچۆنێك بێت دەتوانین لەگەڵ بونی جیاوازی لەپێناسەی ستراکچەر و بونیادی هە یکەلی لەکاری دامەزراوە بەم شێوەیەبکەین. ستراکچەری هەردامەزراوەیەك ئاماژە بۆ پەیوەندی بەهێزی نێووان هۆکارو توخمەسەرەکیەکانی هەرگروپ و دەزگایەك کە شێوازێکی گشتی کار لەو دامەزراوەیە دەخاتە روو[36] .

لەدیدی (بونیادگەری دامەزراوە) (لوی استراوس) پێکهاتەی هەیکەلی کارو تەشکیلی هەر دامەزراوەیەك نیشاندەری سیستمێك دەبێت و لە کۆمەلێك لایەن و توخمی سەرەکی تەشکیل دەبێت بەجۆرێك کە هیچکام لەتوخمەکان و پێکهاتەکانی ئەو دامەزراوەیە ناتوانێ بگۆرێ ئەگەر توخم و پێکهاتەکانی تر گۆرانیان بەسەدا نەیەت .

لەم روانگە جیاوازانەوە دەتوانین بڵێین کە هەیکەلی کار یان (ستراکچەر) یان تەشکیلی هەر دامەزراوەیەك لەگەڵ ئەوەی راستیەکی دیارو بەرچاوە وێنەیەکی زهنی ئەو دامەزراوەیەش نیشانی هەوادارانی دەدات[37] .

**2-2-4. دامەزراوەی میدیایی**

هەردامەزراوەیەك لەهەنگاوی یەکەمی پێکهاتەو هەیکەلی کاری بەرێوەبردنیدا رووبەرووی دوو لایەنی سەرەکی دەبێتەوە و ئەم لایەنانە کاریگەری زۆریان لەسەر یەکتر هەیە، بەجۆرێك  کە دەبن  هۆی دەرکی ئێمە لەبارەی دامەزراوەکە

یەکەم: لایەنی روخساری  format dimensions

ئەم چەمکە لە ئەدەبیاتی بەرێوە بردندا بەلایەنی بونیاد یان پێکهێنانی هەیکەلی کاری بەرێوەبردن خراوەتە روو لێرەدا بۆ پشتگیری لە هەڵە تێگەیشتن لە دەستەواژەی (ستراکچەری دامەزراوە) کەوەك چەمکێکی فراوانتر لە ئەدەبیاتی بەرێوەبردن بەکارهاتووە، لەلایەنی روخساری یان فۆرمی دامەزراوەکەوە سودمان وەرگرتووە، لایەنی روخساری

---

[35]. پرینگل واف. استار، پیترکی و مایکل، سەرچاوەی پێشوو. ص 148.

[36]. اسعد، علی شریف، سەرچاوەی پێشوو، ص 96.

[37]. باقر زادە، حسن خجستە، (1393) ، مدیریت رسانە، تهران، چاپ اول، ص 86

بەیانکەرو نیشاندەری تایبەتمەندیەکانی دەرونی یان ناوەکی دامەزراوەیەکن کەدەتوانین بـەهۆی ئەوانـەوە دامـەزراوەکان هەڵسەنگێنرێن و ئەندازەی خۆیانیان لـە پێکهێنانیانـدا بـدرێتێ، هـەروەها بەراوردیشـیان بکـەین بـە یـەکتری کەئەمـەش هەشت بابەت لەخۆ دەگرێت[38]:

ـ ئەندازەی فەرمی بوونی دامەزراوەکان.

ـ جۆری دابەشکردنی کارو تایبەتمەندبوونی دامەزراوەکان .

ـ خاوەنی بنەمای ستاندارد لەکارو چالاکیەکانی دامەزراوەکەدا

ـ ئەندازەی کارو دەسەڵاتەکان لەدامەزراوەکەدا

ـ ئاستی دیققەت و وردبینی لەدامەزراوەکەدا

پلەی پیشەیی بوونی دامەزراوەکە

ـ ئەندازەی دژواری هەیکەلی کاری دامەزراوەکە

ـ ڕێژەی کارمەندو توانای مرۆیی کە ئاماژەیە بە دابەشـکاری ژمـارەی کارمەنـدان لـە گروپێکـی کاریـدا بەرانبـەر بەهـەموو کارمەندانی دامەزراوەکە

دووەم: لایەنی ناوەڕۆك ـ contextual dimensions

لایـەنی نـاوەکی هەردامەزراوەیـەك شـوناس و پێگـەی دامەزراوەکەیـە، کاریگـەری راسـتەوخۆی لەسـەر فـۆرم و لایـەنی روخساری، سیستمی ئیداری و دابەشبونی کارمەندان کار لەسـەر بنـەما جیاوازەکـان لـەنێو هـەر دامەزراوەیـەك دەکرێـت شاراوەو نادیاربێت لە جەماوەرەکەی دەرەوەی لەکاتێکدا کە ناوەرۆکی دامـەزراوە نیشـاندەری فـۆرمی دامەزراوەکەیـە و ژینگەی دەرەکی دەخولقێنێ.

ئەم دوولایەنە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی دامەزراوەیەك پەیوەندی بەهێزی راستەوانەیان بەیەکەوە هەیە، هەر ئاڵوگۆرێـك لـە هـەر لایەنیکیانـدا بکرێـت ئـەو لایەنەکـەی تـریش هـەمان تایبەتمەنـدی وەردەگرێتـەوە، لانـە ناوەکیـەکانی هـەر دامەزراوەیەکیش بریتین لە[39]:

ـ ئەندازە و قەبارەی دامەزراوە، کە ئاماژەیە بۆ گەورەیی و بچوکی دامەزراوەکە لەسـەر بنـەمای ژمـارەی کارمەنـدان یـان توانای دارایی و بەرهەم و فرۆش یان بینەرو جەماوەری دەزگاکە .

ـ تەکنەلۆژیای دامەزراوە، کە ئاماژەیە بۆ بەهای سیستمی و رێکارەکانی بەرهەمهێنان لەو دامەزراوەیەدا.

ـ ئامانج و ستراتیژی دامەزراوە. بۆ ئامانج و شێوەکانی رکابەری کردنی دامەزراوە هاو پیشـەکان، ئەمـەش دەبێتـە هـۆی دەرکەوتنی هەر دامەزراوەیەك بە تایبەتمەندی خۆیەوە، هەروەها جیاوزیەکانی لەگەڵ دامەزراوەی تر نیشان دەدات.

ـ فەرهەنگی دامەزراوە، ئاماژەیە بۆ کۆمەڵێك باوەرو بەهاو مامەڵەی جیاواز لە دامەزراوەکەدا کە روویەکی تایبەت دەداتە دامەزراوەکە.

---

[38]. حمید جاعد محسن الدلیمی، الادارة الاعلامیة، دار الشؤون الثقافة العامة ، 2008، ص71

[39]. حمید جاعد محسن الدلیمی، مصدر سابق ، 2008، ص 65

## 5-2-2. بەڕێوەبردنی دامەزراوەی میدیایی

لەنێو دەرونی دامەزراوەی میدیایدا چەندین جۆرو کەناڵی میدیایی کاردەکەن، هەریەك بەڕوئیاو ئامانجی جیاوازەوە، ئەم دامەزراوانە لەمرۆدا تەنها دامەزراوەیەکی میدیایی نین، بەڵکو چونەتە نێو دنیایی بازرگانی و وەکو دامەزراوەیەکی بازرگانی کاردەکەن، هەمیشە چاویان لەسەر گۆڕانکاریە سیاسی و ئابوری و تەکنەلۆژیەکانەو راستەوخۆ کاریگەری ئەو گۆڕانکاریانە یان لەسەرە. لەم نێوەندەدا لەبەڕێوەبردنی کاری میدیایدا چەندین لایەنی گرنگ هەن پێویستە لەبەر چاو بگیرێن کە بریتین لە (ستراتیژ، ستراکچەر، فەرهەنگ، تەکنەلۆژیا، توانای مرۆیی، خاوەنداریێتی، پلاندانان، بودجە و دارایی)[40]

ئەم لایەنانە لە دامەزراوەی میدیایدا کاریگەری زۆریان لەسەر سیستمی بەڕێوەبردن هەیە و ناسینی هەریەکە لەمانە هاوکاری تەواوی بەڕێوەبردنی هەردامەزراوەیەکی میدیاییە بەشێوەیەکی سەرکەوتوانەو کاریگەر، لەگەڵ ئەمانەدا لەمەیدانی بەڕێوەبردنی کاری دامەزراوەی میدیایدا بەرپرسیاریەتی دانان و جێبەجێکردنی ئامانجەکان، پلاندانان، ڕێکخستن، بەکارهێنانی توانای مرۆیی، ڕابەری و چاودێری لە ئەستۆی بەڕێوەبەردان

بەڕێوەبردنی هەردامەزراوەیەکی میدیایی بەشێوەیەکی گشتی خۆی دەبینێتەوە لە چۆنیەتی وەڵامدانەوەی ئەرکەکانی بەرهەمهێنانی میدیایی و بازاڕ و فرۆشی بەرهەمی میدیایی، کەلەسەردەمی نوێدا بەبازاڕی میدیا ناودەبرێت، حاڵەتێکی ئاساییە کە ئەو سیستمی بەڕێوەبردنە لە گەڵ گۆڕانی جۆری میدیاکە گۆڕانکاری بەسەردا بێت، هەر لێکۆڵەرەوەیەکی میدیایی بەجۆرێك باس لە بەڕێوەبردنی میدیا بکات، ئەم جیاوازیە لەسیستمی کاری بەڕێوەبردنی میدیایدا بوەتە هۆی دەرکەوتنی چەند دیدگایەکی جیاواز لەبارەی بەڕێوەبردنی دامەزراوەی میدیاییەوە[41].

## 6-2-2. بنەماکانی ستراکچەری دامەزراوەی میدیایی:

دامەزراوەی میدیایی لە ژێر کاریگەری سێ بونیەی سەرەکیدا پێکدەهێنرێت، لەنێوان ئەم سێ بونیەیەدا پەیوەندیەکی دیالێکتی بونی هەیە، ئەم پێکهاتەیە لەسەر هەموو چالاکیەکانی نێو دامەزراوەکە و دەرەوەی دامەزراوەکە کاریگەری هەیە، بەجۆرێك کە گۆڕانکاری لەهەر یەك لە و بونیانەدا بکرێت گۆڕانکاری لەتەواوی بونیەکانی تردا ڕوودەدات ئەو سێ بونیەیەش بریتین لە :

- دامەزراوەیی بونی میدیایی
- جۆری میدیاکە
- ژینگەی دەرەکی

سەبارەت بە دامەزراوەیی بونی میدیا دەتوانین بڵێین هەر میدیایەك لەنێو دامەزراوەیەکدا لەدایك دەبێت کەپێناسەو تایبەتمەندیەکانی دامەزراوەی تێدایە، لەلایەکی ترەوە هەر دامەزراوەیەکی میدیایی وەك هەر دامەزراوەیەکی تر خاوەنی تەشکیلات و هەیکەلێکی ئیداری دیاریکراوە کە دەرهاویشتەی دوو لایەنی سەرەکییە .(دواتر لەم باسەدا ئاماژەیان پێ دەکەین).

---

[40]. استیفن، ابینز، (1383)، تئوری سازمان، مترجم: سید مەدی الوانی، حسن دانایی فرد، صفار، تەران، چاپ 7. لا 124

[41]. هەمان سەرچاوە، لا 124.

بنەمایەکی تری دامەزراوەی میدیایی پەیوەستە بەجۆری میدیاوە، هەر لەبەر ئەمەشە کە ناتوانین چاوەڕوانی هاوشێوەیی هەیکەلی کاری دامەزراوە میدیاییەکان بکەین، چونکە جیاوازی لە نێوان جۆری میدیایەکاندا هۆکاری سەرەکی جیاوازی سیستم و هەیکەلی کاری بەڕێوەبردنە هەروەك چۆن سیستمی بەرێوەبردنی میدیای سوننەتی و میدییای مۆدێرن جیاوازی گەورەی تێدا بەدی دەکرێت،

بنەمای سێهەم کە ژینگەی دەرەکی دامەزراوە میدیایەکانە کاریگەری ڕاستەخۆی لەسەر تەشکیلی ئیدرای دامەزراوەی میدیایی هەیە، کە بەرێکخستنی ژینگەی دەرەکی میدیا ناو دەبرێت کەکارێکی زۆر دژوارو سەختەو کاریگەری تەواویشی لەسەر سیستمی ئیداری دامەزراوەی میدیایی هەیە، ماهیەت و جۆری میدیا کاریگەری دیاری لەسەر پێکهێنانی هەیکەلی کاری دامەزراوەیی میدیایی هەیە، ئەگەرچی ئەمڕۆ زیاتر باس لە میدیای کۆمەڵایەتی ( سۆشیال میدیا ) دەکرێت، بەلاّم دەتوانین زۆر بەڕونی جیاوازی نێوان سیستمی بەڕێوەبردنی ئەو دامەزراوانە ببینین کە خزمەتگوزاری کۆمینیکەیشن پێشکەش دەکەن، بۆنمونە ئەگەر دامەزراوەیەکی ڕادیۆیی بەدامەزراوەیەکی پۆستەو گەیاندن بەراورد بکەین جیاوازی زۆر لەنێوان هەیکەلی بەڕێوەبردنی ئەو میدیایانەدا دەبینین لەمەیدانی کاری میدیای مۆدێرنیشدا بەهەمان شێوە جیاوازیەکی زۆر لە نێوان سیستمی کاری بەڕێوەبردنیاندا هەیە بەهۆی ئەو جیاوازیە زاتیەی کەلەنێوانیاندا هەیە، بەرێوەبەر نابێت لەکاریگەری ئەو جیاوازیانە بێ ئاگابێت لە کاتی پێکهێنانی دامەزراوەیەکی میدیایدا، لەم نێوەندەشدا بۆ ناسینی یەکەمین دابەشکردنی خودگەرایی لەنێوان ماهیەت و جۆری میدیادا دەتوانین بەتێڕوانینەکانی ماك لۆهان دەست پێ بکەین کە میدیاکان بەمیدیای (ساردو گەرم) دابەش دەکات یان بەو ڕستە دیارە دەست پێ دەکات کە دەڵێت (میدیا پەیامە) کە جەبرگەرانە لە میدیا دەڕوانێت، ئەمەش بەهۆی جەبرگەرایی تەکنەلۆژیا، یان دەتوانین ئاماژە بە روانگەی مارکس و بیریارانی قوتابخانەی فرانکفورت بکەین کەماهیەتی میدیا لەسەر دوو شێوەی بنەڕەتی و کاریگەری سیستمی بەڕێوەبردن دابەش دەکات کەبریتین لە :

- جیاوازی ئەرکەکان لەسەر بنەمای جۆری میدیا
- تەکنەلۆژیاو ڕێکارەکانی بەرهەمهێنانی میدیایی

میدیا سێ ئەرکی سەرەکی لەئەستۆدایە کە لەم دابەشکردنەدا ئەرکەکانی تری میدیا بەئەرکی لاوەکی دادەنرێت ئەو سێ ئەرکە سەرەکیەش بریتین لە : ئەرکی فێرکاری ، ئەرکی گەیاندنی زانیاری ، ئەرکی سەرگەرمی و خۆش بەخشی) ئەم ئەرکانە لەهەریەك لەجۆرەکانی میدیادا بەهایەکی گرنگیان هەیە، هەر بۆیە لەسەر سیستمی بەڕێوەبردن و هەیکەلی کاری ئیداری دامەزراوەکە کاریگەری ڕاستەوخۆیان هەیە، بەهەمان شێوە بیریارانی قوتابخانەی (ئەرکگەرایی) بنەمای دابەشکردنی میدیا للەسەر بنەمای ئەرکی میدیاییەو هەمان باوەڕی بیریارانی قوتابخانەی فرانکفورتیان هەیە.

پلەی گرنگی ئەرکی سەرگەرمی لەتەلەفزیۆندا بەبەراورد لەگەڵ ڕادیۆ نەك هەر یەکسان نییە، بەڵکو بەتەواوی جیاوازە، بەجۆرێك دەتوانین بڵێین گرنگترین ئەرکی تەلەفزیۆن سەرگەرمی یە وگرنگترین ئەرکی ڕادیۆش گەیاندنی زانیاری، لەکاتێکدا ئەرکی سەرگەرمی لە رادیۆدا لە ئێستادا لە ڕادیۆی میوزیکی دا خۆی دەبینێتەوە، ئەگەر چی لەمیدیای مۆدێرن و میدیا کۆمەڵایەتیەکاندا لەبارەی ئەرکی میدیاوە هەمان دابەشکاری هەیە ، لەنێو ئەمانەدا ئەنتەرنێت بەهۆی سیفەتی چەند میدیایی (ماڵتی میدیا) یەوە جیاوازیەکی زۆری هەیەو لەهەرسیفەتێکی میدیایدا ئەرکەکانی جیاواز دەبێت.

جیاوازی سیستم و دەزگا تەکنەلۆژیەکان وڕێکارەکانی بەرهەمهێنانی میدیایی یەکێکی ترە لەهۆکارەکانی جیاوازی پێکهاتەو هەیکەلی کاری ئیداری دامەزراوە میدیاییەکان، بەبەراوردی سێ جۆری میدیایی ( ڕۆژنامە، ڕادیۆ، تەلەفزیۆن) ئەم کاریگەریە لەسەر سیستم و هەیکەلی کاری بەڕێوەبردنی دامەزراوە میدیاییەکان بەڕوونی نیشان دەدرێت .

ڕۆژنامەو چاپەمەنیەکان لەهەنگاوی یەکەمدا نیازی بەخاوەن قەڵەم و نوسەران هەیە کە لەبواری خۆیاندا خاوەنی زانست و زانیاری بن و شارەزاییان هەبێت. لە بەرامبەردا تەلەفزیۆن لەهەنگاوی یەکەمدا بەدوای دەم و چاو و کەسایەتی میدیا کارەوەیە دواتر بەدوای توانای بەیان و دەربڕینی کەسەکانەوەیە بۆڕاکێشانی بینەر، هەروەها ڕادیۆ لەهەنگاوی یەکەمدا بەدوای تایبەتمەندیە فیزیکیەکانی دەنگەوەیە و دواتر بەدوای کەرەستەو پێداویستیە کاریگەریە دەنگیە سەرنجڕاکێشەکانەوەیە.

لەم ڕوانگەیەوە تەلەفزیۆن بۆ ڕاکێشانی سەرنجی زۆرترین بینەر بەدوای ئەستێرەکانی سینەماو کەسەناسراوەکانی دونیاو قارەمانەکانی وەرزش و بێژەرە ناودارەان و گۆرانی بێژە ناودارەکانە بەجۆرێك کە ئەم کارە لە ڕۆژنامەو ڕادیۆدا کاریگەری کەمتری هەیە

### 7-2-2. ڕوانگە جیاوازەکانی بەڕێوەبردنی دامەزراوەیی میدیایی

لەم باسەدا باسکردن و خستنە ڕووی ڕوانگە جیاوازەکان و تیۆرە جۆربەجۆرەکانی بەڕێوەبردنی دامەزراوەیی تەوەرەی سەرەکی دەبن. بەهۆی جیاوازی جۆری میدیاو سیستمی کاریان هەشت ڕوانگە و تیۆری جیاواز لەبارەی بەڕێوەبردنی دامەزراوەی میدیایی باسکران، لەگەڵ ئەوەشدا ڕوانگەیەکی گشتگیریش لەو بارەیەوە خراوەتەڕوو کەبریتین لە:

ڕوانگەی یەکەم: بەڕێوەبردنی دامەزراوەی میدیایی وەك هەر دامەزراوەیەکی تر

ئەم ڕوانگەیە دیارترین و دەرکەوتوترین ڕوانگەیە لە زەمینەی بەڕێوەبردنی میدیادا، لەسەر بنەمای ئەم ڕوانگەیە دامەزراوەی میدیایی وەك هەر دامەزراوەیەکی تر پێویستی بە سیستم و کاری بەڕێوەبردن هەیە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان و گەشە و مانەوەو قازانج و .... هتد ، هەمو ئەو ئەرك و تایبەتمەندیانەش کە لە ئەدەبیاتی بەڕێوەبردندا باس دەکرێن لیرەش بونیان هەیە.

لایەنگرانی ئەم ڕوانگەیە بەڕێوەبردنی میدیا بەواتای بەجێگەیاندنی ئەرك و بنەما سەرەکیەکانی بەڕێوەبردن وەك(پلاندانان، ڕێکخستن، ڕینمایی، چاودێری و کۆنترۆڵ) وەهەروەها ئەرکە لاوەکیەکانی تریش وەك (هەواڵگیری، دابینکاری توانای مرۆیی، ڕێکستنی دارایی).

لە دامەزراوەیەکی میدیاییدا لەسەر بنەمای ئەم ڕوانگەیە بەڕێوەبردنی میدیا واتە بەکارهێنانی توانا مادی و مرۆییەکان بە سود وەرگرتن لە کارو بنەما گەلێکی وەك پلاندانان، ڕێکخستن، ڕینمایی، چاودێری و کۆنترۆڵ) لە پێناو گەیشتن بە ئامانجەکانی دامەزراوەکە[42].

ڕوانگەی دووەم: بەڕێوەبردنی میدیا، وابستەیە بە خاوەنداریەتی میدیا.

ئەم ڕوانگەیە لەسەر بنەمای لێکۆڵینەوە لە خاوەنداریەتی دامەزراوەی میدیایی سیستمی بەڕێوەبردن دیاریدەکات، لەسەر بنەمای ئەم ڕوانگەیە بەڕێوەبردنی میدیا یەکێکە لە پێگە سەرەکیەکانی پەیوەندی نێوان میدیا و سیستمی

---

[42]. خورشیدنام ، عباس، (1389)، هشت دیدگاه اساسی درمدیریت رسانه، ماهنامه علمی ترویجی درزمینه مدیریت رسانه، شماره 73و72.

سیاسی، هەروەك لە لیكۆڵینەوەكانی بواری میدیاشدا ئـەوە روون بوەتـەوە كـە دامـەزراوە میدیاییـەكان لەسـەر بنـەمای خاوەنداریەتی بۆ سێ دەستە دابەش دەكرێن[43].

دەستەی یەكەم: دامەزراوە میدیاییە حكومیەكان.

دەستەی دووەم: دامەزراوە میدیاییە گشتیەكان ( ئەوەی كە بە میدیای خەڵك یان میدیای نیشتمانی) ناودەبرێت.

دەستەی سێهەم: دامەزراوەی میدیایی ئەهلی..

روانگەی سێهەم: بەڕێوەبردنی كۆمینكەیشن لە رێگەی میدیاوە

بابەتی جەماوەر یان كڕیار یان وەرگر بازنەیەكە كە دامزاروە جۆراوجۆرەكان گرنگیـەكی تایبـەتی پێـدەدەن، لێرەوەیـە كە دامەزراوە و كۆمپانیا جیاوازەكان لە رێگەی ریكلام و پەیوەندی گشتیانەوە سەوداكاری ئەكـەن، یـەكێك لـە كەرەسـتە سەرەكیەكانی ئەم سەوداكاریەش بریتیە لە میدیا، سود وەرگرتن لە توانای بەهێزی گەیاندن لە رێگـەی میـدیاوە لـە هـەر لایەك لە لایەنەكانی نێو كۆمەڵگا سەودایەكی پڕ قازانجە بۆ كۆمپانیاو دامەزراوەكان جیاوازەكان، بە لەبەرچاو گرتنی ئـەم بابەتە بڕوای هەندێك لە زانایانی بواری بەڕێوەبردن وایە كە بەڕێوەبردنی میدیا هەروەك سازاندنی پەیوەنـدی دامـەزراوە كانە لەگەڵ میدیا جیاوازەكـان و بـەكارهێنانی توانـاو بـەهرەكانی ئـەوان بـۆ گەیشـتن بـە ئامانجـەكانی دامـەزراوەكانیان، بەواتایـەكی روونـتر هونـەری رێكخسـتن و سـازاندنی توانـا و بـەهرە كاریگـەرەكان و پەیوەندیـەكانی نێـوان دامـەزراوە جیاوازەكان بە دامەزراوە میدیاییەكان بە بەڕێوەبردنی میدیا ناو دەبەن[44].

روانگەی چوارەم: چوارچێوەی بەڕێوەبردنی میدیا.

لە روانگەی چوارەمی بەڕێوەبردنی میدیادا، ئەركەكانی بەڕێوەبردن تیكەڵ بە ئەركەكانی میدیا دەبێت و چوارچێوەیەكی تایبەت بە بەڕێوەبردنی میدیا بوون، ئەگەر ئەركە سەرەكیەكانی بەڕێوەبردن بریتیبن لە (پلاندانان، رێكخستن، رێنمـایی و چاودێری)، ئەركەكانی میدیاش (گەیاندنی زانیـاری، فێركـردن ، سـەرگەرمی و هوشـیاری) بـن، بەتێكـەڵكردنی ئەركـە سەرەكیەكانی بەڕێوەبردن لەگەڵ ئەركەكانی میدیا، چوارچێوەیەك دێتە دەست كە بەڕێوەبردنی میـدیا دەسـازێنێ، لـەم روانگەیەوە بەڕێوەبردنی میدیا بەدوای بەدەستهێنانی ئامانجەكانی دامەزراوەكەیەتی، ئامانجی هەر دامەزراوەیـەكیش لـە ئاكامی بەجێگەیاندنی ئەركەكانیـەوە دێتـە دی، لەبـەر ئەمـە ئەگـەر بەڕێوەبـەری دامەزراوەیـەكی میـدیایی بتوانێـت لـە باشترین حاڵەتدا ئەركەكانی بەجێ بگەیەنیت كـە بـریتین لـە (گەیانـدنی زانیـاری، فێركـردن ، سـەرگەرمی و هوشـیاری) پێویستە ئەركەكانی بەڕێوەبردن كە بریتین لە (پلاندانان، رێكخستن، رێنمایی و چاودێری) جێبەجێبكات،[45].

روانگەی پێنجەم: بەڕێوەبردنی میادیای وورد (بچووك)

لە پۆلێنبەندی میدیادا هەیە كە میدیا بەسەر دوو جۆردا دابەش دەبێت ، میدیای ورد (ئەتنوترونیك)، میدیای گـەورە یا جیهانی (تلەماتیك). میدیای ئەتنوترونیك میدیایەكە كە پێویستی بە سیستمی بەڕێوەبردنی قوڵ و فراوان نیە، زۆرتر تاك تیایاندا سود مەندە، وەك بەكارهێنانی DVD بۆ پەخش و بڵاو كردنەوە و هاوشێوەی ئەو میدیایانە، بەڵام تلـەماتیك

---

43. اربتانی ، تاهر روشندل، مدیریت رسانه چیست، 1391، مقاله، ص18

44. خورشیدنام ، عباس، سەرچاوەی پێشوو. لا 128

45. هەمان سەرچاوە، لا 129

میدیایەکە پێویستی بە ژێرخانێکی هونەری و تەکنەلۆژی و مرۆیی بەهێز هەیە وەك رۆژنامە، تەلەفزیۆن، ئەنتەرنیت و رادیۆ، ئەوەی کە لایەنگرانی ئەم روانگەی سەرنجی دەخەنە سەر بەرێوەبردنی میدیا بە واتای بەرێوەبردنی میدیایی ورد (ئەتنوترونیك)ە، نەك میدیای تلەماتیك[46].

روانگەی شەشەم: پێکهاتەی حەوت قۆناغیی بەرێوەبردنی میدیا .

لەم روانگەیەوە هەندێك بروایان وایە کە بەرێوەبردنی میدیا کردەیەکی حەوت قۆناغییە، ئەو قۆناغانەش بریتین لە (سیاسەتکاری، پلاندانان، بەرهەمهێنان، دابینکاری، چاودێری، پەخش، کاریگەری دروستکردن، راپرسی و بەدواداچوون) لەسەر ئەم بنەمایە بەرێوەبردنی میدیا بازنەیەکە بە سیاسەتکردنی میدیاوە دەستپێدەکات و دواتر لەسەر پایەی سیاسەتی رۆژ و پلاندانان بەرهەمی میدیایی دابین دەکات یان خۆی بەرهەمی دەهێنێت، لە قۆناغی دواتردا لەسەر پایەی پلاندانان و جێبەجێکردنی پلانەکان بەرنامەگەلێگ بەرهەم دەهێنرێن یان لە سەرچاوەی دەرەکی و ناوەکی دابین ئەکرێن. ل قۆناغی دواتردا بەرنامە بەرهەم هاتوەکان یان دابینکراوەکان بە پرۆسەیەکی چاودێری و هەڵسەنگاندندا دەرۆن و ئامادەی پەخش ئەکرێن، لە قۆناغی پەخشدا بلاو دەکرێنەوە، دوا قۆناغیش بۆ وەرگرتنی رای بەرامبەرەکان راپرسی و لێکۆڵینەوە ئەنجام دەدەن بۆ دەرخستنی کاریگەری لەسەر وەرگر. بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان دیاری بکەین[47].

روانگەی حەوتەم: بەرێوەبردنی میدیا واتە بەرێوەبردنی پەیام

ئەم روانگەیە تەئکید لەسەر بەرێوەبردنی ناوەرۆکی پەیامەکان دەکات، سەرنجی خۆی لەسەر جۆری دامەزراوەو پێکهاتە و هەیکەلی کاری بەرێوەبردن دوور خستوەتەوە، ئەم روانگەیە بەرێوەبردنی میدیا وا نیشان دەدات کە بریتیە لە بەکار بردنی هێزی هەرەمی ناوەرۆکی پەیامەکان و ئەو واتایەی کە دەیخاتە بیرو مێشکی وەرگرەوە، ئەمەش بەمەبەستی دروستکردنی کاریگەری لەسەر وەرگر، وە زۆرترینی ئەم کاریگەریەش لە کاتێکدایە کە وەرگر دڵنیابکرێتەوەو ئیقناعی پێ ببەخشری[48].

روانگەی هەشتەم: بەرێوەبردنی میدیا، بەرێوەبردنی سێ قۆناغی گەیاندنی پەیام.

بونیەی سەرەکی ئەم روانگەیە (پەیام)ە ، کە گرنگترین بونیەی کاری میدیایە، ئەم روانگەیە زیاتر جەخت دەکاتەوە لەسەر سێ قوناغی (دیاریکردنی پەیام، بەرهەمهێنانی پەیام، پەخشی پەیام). لە هەنگاوی یەکەمدا ئەوەی کە زۆر گرنگە دیاری کردن و دەسنیشانکردنی پەیامە، کە پێویستە ئەو دامەزراوەیە بەرهەمی بهێنێت، واتە هەنگاوی یەکەم سیاسەتکاری و بەرێوەبردنی پەیامە لە بەرێوەبردنی دامەزراوەی میدابیدا، لە هەنگاوی دووەمیشدا بەرهەمهێنانی پەیام و ستایلی ئەو بەرهەمە دیاریدەکرێت، ئەمەش قۆناغێکی گرنگە، چونکە ئەگەر لەم قۆناغەدا پەیامەکەت بە شێوەیەکی سەرنج راکێش نەهاتە بەرهەم ئەشێ هیچ کاریگەری لەسەر وەرگر دروست نەکات و گرنگی خۆی لەدەست بدات، هەنگاوی کۆتایی بریتی دەبێ لە شێوەی گەیاندن یان دابەشکردنی ئەو پەیامەیە، بە شێوەیەك کە ئەم پەیامە لە چ کاتێك و بە چ شێوەو رێگەیەك و بەکام بینەر بگەیەنرێت[49].

---

46. هەمان سەرچاوە، لا130

47. اربتانی، تاهر روشندل، سەرچاوەی پێشوو، ص 21

48. خجستە، حسن، (1387) عناصراصلی ساختدەی سازمانەای رسانەای ومقایسە ساختار سازمانی صدا با سیما. لا 143

49. هەمان سەرچاوە 144

روانگەی نۆیەم: روانگەی گشتگیر بۆ بەڕێوەبردنی میدیا

لەسەر بنەمای روانگەی سیستماتیکی، دامەزراوەی میدیایی یەك سیستمی كۆمەڵایەتیە كە وابەستە بە ژینگەی كۆمەڵایەییە، ژینگەیەك كە سەرجەمی لایەنە كۆمەڵایەتیەكان تیایدا رەنگدانەوەیان هەیە، بەجۆرێك ئەو لایەنانە لە دەرەوەی دامەزراوەكە بونیان هەیە و لەسەردامەزراوەگەش كاریگەری دیاریان هەیە، ئەمە لەكاتیكدا ژینگەی دامەزراوەكان لە چەندین لایەنی جیاواز پێكهاتووەو كاریگەری راستەخۆشیان لەسەر یەكتر هەیە، هەموشیان كاریگەری لەسەر دامەزراوەی میدیایی بەجێ دەهێڵن[50].

## 2-2-8. بایەخی بەڕێوەبردن لە دامەزراوەكانی ڕاگەیاندن دا :

سەبارەت بە بەڕێوەبردنی دامەزراوەكانی ڕاگەیاندن، خۆی دەبینێتەوە لەو بەڕێوەبردنەی كە كاروباری بەڕێوەبردنی دەگرێتە دەست و میكانیزم و ڕێوشوێن و ڕەهەندەكانی كارەكەی دیاری دەكات، ئەویش لە ڕێگەی رەفتاری هاریكاری ئاڕاستەكراو بەڕووی تونـدووتۆڵكردنی ئەو ووزەو تواناییانەی لە بەردەستدان لەپیناوهێنانەدی ئامانجی ئەو كەناڵی ڕاگەیاندنەو چاودێری كردنی بەرژەوەندیەكانی كارگەران.[51]

یاخود بەڕێوەبردنی دامەزراوەكانی ڕاگەیاندن بەشێوەیەكی گشتی بەمانای بەرجەستەكردنی ئەركەكانی بەڕێوەبردن (پلاندانان، ڕێكخستن، بڕیاردان، سەركردایەتی كردن، چاودێری) دێت لەبەرێوەچوونی كارووباری دامەزراوەی ڕاگەیاندن ولە پێناو بەدیهێنانی ئەو ئەركانەدا.

لە بنەرەتدا دەزگاكانی ڕاگەیاندن سەكۆی ئاڵوگۆڕی پەیامن و بەرێوبەرایەتیكردنی دامەزراوەكانی ڕاگەیاندن یش ڕێكخستنی ئەو فەزایانەیەكە كرداری ئاڵوگۆڕكردنی پەیام و زانیارییەكان دەگرێتەئەستۆ. لەم گوشە نیگایەوە ئەم بەڕێوەبردنە لەسەر چەمكی ڕاگەیاندن وەك سیستمێكی گەیاندن دەوەستێ كەداتاكان لەفەزای كاتو شوێندا دەگوازێتەوە.

یاخود دەكرێت بوترێت كە بەڕێوەبردنی دامەزراوەكانی ڕاگەیاندن خۆی دەبینێتەوەلە (هەوڵدانێكی رێكخراو بۆگەیشتن بە ئامانجێكی دیاری كراو لە رێگای قۆستنەوە و بەكارهێنانی ئەوكەرەستانەی كە لە بەردەستدان وەك سەرچاوەی مرۆیی و مادی و تەكنۆلۆژیو دارایی).[52]

## 2-2-9. بابەخی بەڕێوەبردنی توانای مرۆیی و تایبەتمەندییەكانی:

بە بڕوای شارەزایان بەڕێوەبردنی توانای مرۆیی ژیانی مرۆڤەكان بەستراوەتەوە بە وەگەرخستنی توانا جۆربەجۆرەكانی مرۆڤەوە، لە گەیشتن بە ئاواتەكان و ئامانجی مرۆڤەكان دەبێت ژێرخانی مرۆڤەكان، چارەبكرێت بەبەرزكردنەوەی بڕی زیادو كەم و جۆری ئامانجەكانی، بۆ ئەوەی مرۆڤ ئەو ئامانجانە بەدەست بهێنێت دەبێت شارەزای هێز و توانا مرۆییەكانی بێت، هەموو شتەكان بەیەكەوە ببەستیت، بۆ ئەوەش دەبێت پێداویستیەكانی دابین بكرێت، ئەوانەش پارەو ماددە سەرەتاییەكانو بەهێزترینیان توانا هێزی مرۆڤە، پێویستە بە وردیش چاودێری ئەو توانایانە بكرێت، هەرچی پەیوەستە

---

[50]. هەمان سەرچاوە ، لا145

[51]. پرینگل واف. استار، پیترکی و مایکل، سەرچاوەی پێشوو، ص 182.

[52]. حمید جاعد محسن الدليمي، الادارة الاعلامية، دار الشؤون الثقافة العامة ، 2008، ص51.

بە چاودێری بەڕێوەبردنی توانای مرۆییەوە ئەوەیەکە کەمرۆڤ بەبیرکردنەوەیەکی خزمەتگوزاریانەوە بۆ داهاتوو بڕوانێت، گۆڕانکاریو داهێنانێکی باش ئەنجام بدات53. مرۆڤ لە لەسەردەمی ئێستادا و لە کوتاییەکانی هەزارەی دووەمو سەرەتای هەزارەی سێیەم تێدە پەڕێنێت، ناودارانی زانست و زانایانی دەروونناسی ئەمە بەکۆتایی سەردەمی بێئارامیو سەرەتای دەورانی بەخەمەوە بوون یان کوبوونەوەو توندبوونەوە دادەنێن.

بۆتیگەیشتن لە چەمکی بەڕێوەبردنی توانای مرۆیی پێویستە ئاماژە بەو راستیە بکەین کە هەر لە دێرزەمانەوە توانای مرۆیی بە بەهێزو بازوی مرۆڤەکان ئەژمار دەکراو پێیان وابوو مرۆڤەکان بە توانای بازوی خۆیان هەموو کارەکانی ئەنجام دەدەن و سود لە توانای بازوو وەردەگرن بۆ کاروباری رۆژانەیان، بەڵام ئیستا مرۆڤ لە کاروبارەکانیدا سود لەسەراپای شتەکان وەردەگرێت. بۆ بەڕێوەبردنی توانای مرۆڤ بۆ بەدەستهێنان وبەرەو پێش بردنی ئامانجەکان، بۆ پەروەردەکرن وچاککردن دەبیت مروڤ سود لەتواناکانی وەربگرێت، لەکۆتایدا ئەم توانایە کە مرۆڤ هەیەتی دەبێت بەشێوەیەکی باش کاری پێ بکات و لە نهینی ئامانج و ئاواتەکانی بگات، مرۆڤ دەتوانێت لە زۆر شتدا تواناکانی بەکاربهێنیت لە بەدەست هێنانی ئامانجەکانیدا هەروەها بو ئەوەی هێزو تواناکانی خۆشەویست بێت، هاوکات بۆ گەیشتن بە ئامانج دەبێت چاوەروانی سەرئەنجامی کارەکانی بێت، بو بەدیهێنانی ئەم هەنگاوانەی ئاماژەیان پێدرا پەیوەستە بەچەند خالێکەوە،لەوانە[54]: (1. هیزی راکێشان، 2. پەرەپێدان ، 3. دروستکردنی سود و ئارەزوو بۆ ئامانجی کارەکە.4. سود وەرگرتن لەتواناشاراوەکانی مرۆڤ).

سەبارەت بە تایبەتمەندیەکانی بەڕێوەبردنی توانامروییەکانیش ،ئەوا دەکرێت بوترێت بەڕێوەبردنی توانا مرۆییەکان چالاکیەکە لەلایەن بەڕێوبەرە خاوەن ئەزموونەکان ئاڕاستە دەکرییێت و سەرجەم کارمەندان و لێپرسراوای بەشەکانی تری ئەم بوارە بەرێوەی دەبەن

لە لایەکی ترەوە لە تایبەتمەدیەکانی تری ئەم بەڕێوبردنە ئەوەیەکە پەیوەستە بەگرنکی دان و ڕاکێشان و سەرنجدانی کارمەندان بەرامبەر دەستەی بەڕێوبردنی ڕاگەیاندن (دامەزراوەی میدیایی) ، هاوکات جەخت لەسەر گرنکی کاری میدیایی دەکاتەوە، بەم جۆرە بەڵێن دەدا لەسەر خزمەتکردن بەم بوارەی کە دامەزراوەی ڕاگەیاندن پردی پەیوەندی نێوان خەڵك و دەسەلاتە دەبێتە چەقی کارکردن و ستراتیژیەت و هەماهەنگی دامەزراوەی ڕاگەیاندن لەگەڵ کۆی دامەزراوەکانی کۆمەڵگادا دەکاتە هۆکاری سەرەکی بۆ ڕوماڵکردن و گواستنەوەی هەواڵ و خزمەتکردن بە بواری ڕاگەیاندن .

پێویستە ئەوەش بخرێتەڕوو کە لە بەڕێوبردنی توانا مرۆیەکان دا لەگەڵ داهێنان و بەرزکردنەوەی ئاستی دامەزراوەی ڕاگەیاندن و سودوەرگرتن لە کەسان و دامەزراوەی ڕاگەیاندن ی دیکەدا دەتوانین لە ئاست خزمەت کردن و ڕاکێشانی سەرنجی وەرگر بین بۆ ئەو ئامانجەی کە دامەزراوەکە هەیەتی و بەدوای بەدیهینانیەتی [55].

---

[53]. عباس خورشیدنام، هشت دیدگاه اساسی درمدیریت رسانه، ماهنامه علمی ترویجی درزمینه مدیریت رسانه 1389 ، ص32.

[54]. حميد جاعد محسن الدليمي ، سەرچاوەی پێشوو، ل 35.

[55]. هەمان سەرچاوە، ل 38.

## 3. بەشداری ژنان لە بەڕێوەبدرنی دامەزراوە میدیاییەکان

**لەسەربنەمای دابەشبونی کار لە دامەزراوەییی میدیاییدا هەیکەلی کاری دامەزراوە میدیاییەکان بوارو بەشـەکانی کـار لـە میدیا جیاوازەکاندا و بەپێی فۆرمێکی ئامادەکراو ڕێژەی کارمەنـدان لـە هـەر بـەڕێوە بەرایـەتی و بـەش و بـوارێکی کـاری لەسەر بنەمای رەگەز دیاریکراوە و زانیاریاکان کۆکراونەتەوە و لەسەر ئاستی جـۆری کـەناڵی میـدیایی و بەڕێوەبەرایـەتی دامەزراوەکە و بەشەکان ڕێژەی بەشداربوون دیاریکراوە، وەك لە خشتەی زانیاریەکاندا دا خراونەتە روو.**

**ئەگەرچی خشتەی زانیاریەکان دابەش کراوە بەسەر سێ جۆر کەناڵی میدیایی کە پێك هاتوە (کەناڵی تەلەفزیۆنی، رادیـۆ، دیجیتاڵ میدیا) بەڵام لەبەر ئەوەی لە چوارچێوەی هەردامەزراوەیەکی ئەم کەناڵانە کۆبونەتەوە ئەشێت زۆرێك لە بـەش و کارەکان بۆ هەرسێ کەناڵەکە کار دەکەن لەنێو چوارچێوەی دامەزراوەکەدان و هاوبەشە بۆ هـەموو کەناڵـەکانی گەیانـدن. وەك لە خشتەکەدا خراوەتە ڕوو**

**ئەو دامەزراوانەی وەك نمونـە وەرگـیراو ن و پشـتیان پـێ بەسـتراوە بـۆ کۆکردنـەوەی زانیاریـەکان هەریەکـەیان خـاوەنی کەناڵێکی تەلەفزیۆنی یان زیاتر و رادیۆیەك یان زیاترن، هەروەها چەندین ماڵ پەڕو پێگەو ئەکاونت و پەیجی تایبـەتن لـە تۆرەکۆمەڵایەیتیەکان.**

**بە پێی ئەو ئەنجامانەی کەلە روپێویەکەدا بەدەستی توێژەران کەوتووە دەردەکەوێت کە:**

**-کارمەندانی کەناڵی تەلەفزیۆن:** سەبارەت بە ئەنجامەکانی روپێویەکە ئەوەی پەیوەستە بە بەرێوەبەریەتیەکانی کارمەندانی کەناڵە تەلەفزیۆنەکانی شاری سلێمانی کەوەك مشتەی توێژینەوەکە وەرگیراون ئەوە دەردەکەوێت کە ژمارەی کارمەندانی ژنان بەراود بە کارمەندە پیاوەکان کەمترە وتەنانەت لە هەندێ لە بەرێوەبەریەتیەکان رێژەی بەشداری ژنان سفرەبۆ نمونە لە بەرێوەبەریەتیەکانی ( بەرێوەبەرایەتی تەلەفزیۆن،تەکنیك) هیچ رێژەیەك تۆمارنەکراوە، تەنها لە بەرێوەبەرایەتی پەیوەندیەکان تەنها ژنێك گەیشتووەتە پۆستی بەرپرسی بەش لەبەرامبەریدا چوار بەرپرسی پیاو هەن ، وەهەندێك لەبەرێوەبەرایەتیەکانیش تاڕادەیەك هاوسەنگی ڕاگیراوە لەنێوان هەردوو ڕەگەزدا بۆ نمونە بەرێوەبەرایەتی (بەرنامەکان )کەژمارەی کارمەندانی (ژن،پیاو)بەژمارەکانی(55،42)ەهەرچی جۆرەکانی ترە ئەوا جیاوازیەکی گەورە بەرچاو دەکەوێت،ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەلێك هۆکار لەوانە دابونەریتی کۆمەڵ،نەبوونی ژنی پسپۆڕلەهەندێك لەبوارەکان بۆنمونە تەکنیك،هەروەها بەکەم سەیرکردنی توانای ژن لەلایەن هەندێ لە پیاوانەوە.

### خشتەی (1) کارمەندانی کەناڵی تەلەفزیۆن

| ز | بەریوەبەرایەتی | ژ.ک | نیر | % | مێ | % | بەش | ژ.ک | نێر | % | مێ | % |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | بەڕێوەبەرایەتی گشتی | 14 | 12 | ٪86 | 2 | ٪ 14 | بەڕێوەبەری گشتی | 5 | 5 | ٪100 | 0 | ٪ 0 |
| | | | | | | | نوسینگەی بەڕێوەبەر | 9 | 7 | ٪ 77.5 | 2 | ٪ 22.5 |
| 2 | بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندیەکان | 21 | 14 | ٪67 | 7 | ٪33 | بەرپرس | 5 | 4 | ٪ 50 | 1 | ٪ 20 |
| | | | | | | | کارمەندان | 16 | 10 | ٪ 62.5 | 6 | ٪ 37.5 |

| | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 3 | بەڕێوەبردنی تەلەفزیۆن | 7 | 7 | ٪100 | 0 | ٪ 0 | بەڕێوەبەر | 7 | 7 | ٪100 | 0 | ٪ 0 |
| 4 | بەڕێوەبەرایەتی بەڕێوەبردن و دارایی | 141 | 115 | ٪81.5 | 26 | ٪18.5 | بەرپرس | 5 | 5 | ٪100 | 0 | ٪ 0 |
| | | | | | | | کارمەندانی خۆیەتی | 8 | 5 | ٪ 62.5 | 3 | ٪ 37.5 |
| | | | | | | | کارمەندانی کارگێڕی | 14 | 9 | ٪ 64 | 5 | ٪ 46 |
| | | | | | | | کارمەندانی خزمەتگوزاری | 10 | 5 | ٪ 50 | 5 | ٪ 50 |
| | | | | | | | کارمەندانی پاسەوان | 34 | 34 | ٪100 | 0 | ٪ 0 |
| | | | | | | | کارمەندانی کافتریا | 14 | 6 | ٪ 43 | 8 | ٪ 57 |
| | | | | | | | کارمەندانی پرسگە | 15 | 10 | ٪ 67 | 5 | ٪ 33 |
| | | | | | | | کارمەندانی شۆفێر | 41 | 41 | ٪ 0 | 0 | ٪ 0 |
| 5 | بەڕێوەبەرایەتی هونەری | 263 | 211 | ٪81 | 51 | ٪19 | بەرپرس | 5 | 5 | ٪100 | 0 | ٪ 0 |
| | | | | | | | کارمەندانی وێنەگران | 72 | 61 | ٪ 85 | 11 | ٪ 15 |
| | | | | | | | کارمەندانی کۆنترۆڵ | 12 | 10 | ٪ 83 | 2 | ٪ 17 |
| | | | | | | | سویچەر | 12 | 10 | ٪ 83 | 2 | ٪ 27 |
| | | | | | | | پلەی ئاوت | 12 | 11 | ٪ 92 | 1 | ٪ 8 |
| | | | | | | | سی جی | 12 | 12 | ٪100 | 0 | ٪ 0 |
| | | | | | | | وەرگرتنی پەیوەندی | 10 | 7 | ٪ 70 | 3 | ٪ 3 |
| | | | | | | | CCU (ڕێکخەری کامێرا) | 5 | 5 | ٪100 | 0 | ٪ 0 |
| | | | | | | | کارمەندانی دەنگ هەڵگر | 12 | 10 | ٪ 83 | 2 | ٪ 17 |
| | | | | | | | کارمەندانی ئەرشیف | 21 | 14 | ٪ 67 | 7 | ٪ 33 |
| | | | | | | | کارمەندانی ئارایش | 10 | 5 | ٪ 50 | 5 | ٪ 50 |
| | | | | | | | کارمەندانی مۆنتاژ | 28 | 20 | ٪ 71 | 8 | ٪ 29 |
| | | | | | | | کارمەندانی گرافیك | 10 | 9 | ٪ 90 | 1 | ٪ 10 |
| | | | | | | | کارمەندانی روناکی | 10 | 10 | ٪ 100 | 0 | ٪ 0 |
| | | | | | | | کارمەندانی ستودیۆی دەنگ | 13 | 8 | ٪ 67 | 5 | ٪ 33 |
| | | | | | | | کارمەندانی دیکۆر | 15 | 11 | ٪ 73 | 4 | ٪ 27 |
| | | | | | | | مۆسیقار | 4 | 3 | ٪ 75 | 1 | ٪ 25 |
| 6 | بەڕێوەبەرایەتی تەکنیك | 26 | 26 | ٪100 | 0 | ٪0 | بەرپرس | 5 | 5 | ٪ 100 | 0 | ٪ 0 |
| | | | | | | | کارمەندان | 21 | 21 | ٪ 100 | 0 | ٪ 0 |
| 7 | بەڕێوەبەرایەتی IT | 42 | 36 | ٪86 | 6 | ٪14 | بەرپرس | 5 | 5 | ٪ 100 | 0 | ٪ 0 |
| | | | | | | | کارمەندان | 37 | 31 | ٪ 84 | 6 | ٪ 16 |

| | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 8 | بەڕێوەبەرایەتی بەرنامەکان | 97 | 55 | ٪60 | 42 | ٪40 | بەرپرس | 5 | 5 | ٪ 100 | 0 | ٪ 0 |
| | | | | | | | پێشکەشکار | 48 | 20 | ٪ 42 | 28 | ٪ 58 |
| | | | | | | | ئامادەکار | 15 | 10 | ٪ 67 | 5 | ٪ 33 |
| | | | | | | | دەرهێنەر | 12 | 9 | ٪ 75 | 3 | ٪ 25 |
| | | | | | | | تێبینەر | 6 | 5 | ٪ 86 | 1 | ٪ 14 |
| | | | | | | | ڕێکخەر | 4 | 4 | ٪ 0 | 0 | ٪ 0 |
| | | | | | | | نوسەر | 2 | 2 | ٪ 0 | 0 | ٪ 0 |
| 9 | بەڕێوەبەرایەتی هەواڵ | 208 | 150 | ٪72 | 58 | ٪28 | بەرپرس | 5 | 5 | ٪ 100 | 0 | ٪ 0 |
| | | | | | | | سەرنوسەر | 18 | 16 | ٪ 89 | 2 | ٪ 11 |
| | | | | | | | بەڕێوەبەری نوسین | 3 | 3 | ٪ 100 | 0 | ٪ 0 |
| | | | | | | | هەواڵنوس | 46 | 31 | ٪ 67 | 15 | ٪ 33 |
| | | | | | | | پەیامنێر | 62 | 45 | 72.5 | 17 | ٪ 26.5 |
| | | | | | | | ڕێکخەر | 8 | 6 | ٪ 75 | 2 | ٪ 25 |
| | | | | | | | بێژەر | 48 | 31 | ٪ 64.5 | 17 | ٪ 35.5 |
| | | | | | | | هەواڵگر | 6 | 6 | ٪ 100 | 0 | ٪ 0 |
| | | | | | | | وەرگێڕ | 12 | 7 | ٪ 58 | 5 | ٪ 42 |
| 10 | بەڕێوەبەرایەتی ڕیکلام | 29 | 19 | ٪65.5 | 10 | ٪34.5 | بەرپرس | 5 | 5 | ٪ 100 | 0 | ٪ 0 |
| | | | | | | | گرافیك | 4 | 4 | ٪ 100 | 0 | ٪ 0 |
| | | | | | | | نوسەر | 2 | 2 | ٪ 100 | 0 | ٪ 0 |
| | | | | | | | مۆنتێر | 3 | 3 | ٪ 100 | 0 | ٪ 0 |
| | | | | | | | ژمێریار | 3 | 2 | ٪ 67 | 1 | ٪ 33 |
| | | | | | | | بازارگەر | 12 | 5 | ٪ 42 | 7 | ٪ 58 |

**2– کارمەندانی ڕادیۆ:** سەبارەت بە ڕێژەو بەشداری ژنان لە ڕادۆکانی شاری سلێمانی کە وەك مشتەی ئەم توێژینەوەیە وەرگیراون توێژەران لە ڕوپێویەکەیاندا بە ئەنجامە گەیشتن کە کە پەیکەری دامەزراوەیی ڕادیۆکانی شاری سلێمانی خۆی دەبینێتەوە لە 9بەڕێوەبەرایەتی و تیایدا هەربەڕێوەبەرایەتیەك چەند بەشێکی تری لێدەبێتەوە،ئەوەی پەیوەستە بە بەشداری ژنان لە ڕادیۆکاندا ئەوە دەردەکەوێت کە تەنها لە یەکێك لە بەڕێوەبەرایەتیەکاندا ژن گەیشتوەتە پۆستی بەڕێوەبەر ئەویش لە بەررێوەبەرایەتی بەرنامەکان کە ژنێك بەرپرسی ئەو بەشەیە،وە بەڕێوەبەرایەتیەکانی تریش ڕێژەیان سفرە وەك لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕادیۆکان ولە بەڕێوەبەرایەتی تەکنیك ئەمەش پێدەچێت نەبوونی ژنی پسپۆڕلە بوارەکەدا هۆکار بێت، وەلە هەندێ لە

بەڕێوەبەرایەتیەکاندا دەکرێ بوترێت تاڕادەیەك هاوسەنگی بەدی دەکرێت وەك (بەڕێوەبەرایەتی هـەواڵ )کـە ژمـارەی بەشداری پیاوان وژنـان بەمجۆرەیـە(35–28)، هەرچـی بەڕێوەبەرایەتیـەکانی تـرە جیاوازیـەکی زۆر بـەدی دەکرێـت لەنێوان ژمارەو بەشداری ژنان بەراورد بە پیاوان،ئەمەش پەیوەستە بە تێڕوانینی کۆمەڵ بۆ تواناو لێهاتویەکانی ژنان.

خشتەی (2) کارمەندانی ڕادیۆ

| | ز | ژ.ك | نیر | ٪ | مێ | ٪ | بەش | کارمەندان | نێر | ٪ | مێ | ٪ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | بەڕێوەبەرایەتی گشتی | 5 | 5 | 100٪ | 0 | 0 ٪ | بەڕێوەبەری گشتی | 5 | 5 | 100 ٪ | 0 | 0 ٪ |
| 2 | بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندیەکان | 6 | 5 | 83٪ | 1 | 17٪ | بەرپرس | 3 | 3 | 100 ٪ | 0 | 0 ٪ |
| | | | | | | | کارماندان | 3 | 2 | 67 ٪ | 1 | 33 ٪ |
| 3 | بەڕێوەبەرایەتی بەڕوەبردن و دارایی | 33 | 25 | 76٪ | 8 | 24٪ | بەرپرس | 1 | 1 | 100 ٪ | 0 | 0 ٪ |
| | | | | | | | کارمەندانی خۆیەتی | 2 | 2 | 100 ٪ | 0 | 0 ٪ |
| | | | | | | | کارمەندانی کارگێڕی | 2 | 1 | 50 ٪ | 1 | 50 ٪ |
| | | | | | | | کارمەندانی خزمەتگوزاری | 6 | 4 | 67 ٪ | 2 | 33 ٪ |
| | | | | | | | کارمەندانی پاسەوان | 8 | 8 | 100 ٪ | 0 | 0 ٪ |
| | | | | | | | کارمەندانی کافتریا | 3 | 1 | 33 ٪ | 2 | 67 ٪ |
| | | | | | | | کارمەندانی پرسگە | 5 | 2 | 40 ٪ | 3 | 60 ٪ |
| | | | | | | | کارمەندانی شۆفێر | 5 | 5 | 100 ٪ | 0 | 0 ٪ |
| 4 | بەڕێوەبەرایەتی هونەری | 26 | 12 | 46٪ | 14 | 54٪ | بەرپرس | 1 | 1 | 100 ٪ | 0 | 0 ٪ |
| | | | | | | | کارمەندانی کۆنترۆڵ | 8 | 4 | 50 ٪ | 4 | 50 ٪ |
| | | | | | | | کارمەندانی دەنگ هەڵگر | 4 | 2 | 50 ٪ | 2 | 50 ٪ |
| | | | | | | | کارمەندانی ئەرشیف | 4 | 1 | 25 ٪ | 3 | 75 ٪ |
| | | | | | | | کارمەندانی مۆنتاژی دەنگ | 5 | 3 | 60 ٪ | 2 | 40 ٪ |
| | | | | | | | کارمەندانی ستودیۆی دەنگ | 4 | 1 | 25 ٪ | 3 | 75 ٪ |
| 6 | بەڕێوەبەرایەتی تەکنیك | 4 | 4 | 100٪ | 0 | 0 ٪ | بەرپرس | 1 | 1 | 100 ٪ | 0 | 0 ٪ |
| | | | | | | | کارمەندان | 3 | 3 | 100 ٪ | 0 | 0 ٪ |
| 7 | بەڕێوەبەرایەتی بەرنامەکان | 37 | 23 | 62٪ | 14 | 38٪ | بەرپرس | 5 | 4 | 80 ٪ | 1 | 20 ٪ |
| | | | | | | | پێشکەشکار | 17 | 8 | 47 ٪ | 9 | 53 ٪ |
| | | | | | | | ئامادەکار | 8 | 5 | 62.5 ٪ | 3 | 37.5 ٪ |
| | | | | | | | دەرهێنەر | 5 | 4 | 80 ٪ | 1 | 20 ٪ |
| | | | | | | | نوسەر | 2 | 2 | 100 ٪ | 0 | 0 ٪ |

| | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 8 | بەڕێوەبەرایەتی هەواڵ | 63 | 35 | 55.5% | 28 | 44.5% | بەرپرس | 3 | 3 | 100 % | 0 | 0 % |
| | | | | | | | سەرنوسەر | 3 | 2 | 67 % | 1 | 33 % |
| | | | | | | | بەڕێوەبەری نوسین | 0 | 0 | 0 % | 0 | 0 % |
| | | | | | | | هەواڵنوس | 9 | 6 | 67 % | 3 | 33 % |
| | | | | | | | پەیامنێر | 15 | 9 | 60 % | 6 | 40 % |
| | | | | | | | بێژەر | 29 | 12 | 41 % | 17 | 59 % |
| | | | | | | | هەواڵگر | 1 | 1 | 100 % | 0 | 0 % |
| | | | | | | | وەرگێڕ | 3 | 2 | 67 % | 1 | 33 % |
| 9 | بەڕێوەبەرایەتی ریکلام | 13 | 9 | 69% | 4 | 31% | بەرپرس | 3 | 2 | 67 % | 1 | 33 % |
| | | | | | | | مۆنتێر | 2 | 2 | 100 % | 0 | 0 % |
| | | | | | | | ژمێریار | 3 | 2 | 67 % | 1 | 33 % |
| | | | | | | | بازارگەر | 5 | 3 | 60 % | 2 | 40 % |

**3- کارمەندانی دیجیتاڵ میدیا و رۆژنامەی ئەلکترۆنی:** لەئەنجامی ئەو روپێویەی کەتوێژەران بۆ کارمەندانی دیجیتاڵ میدیاو رۆژنامەی ئەلکترۆنی کردیان بەو ئەنجامە گەیشتن کە مشتەی توێژینەوەکە لەم بوارەدا پەیکەری دامەزراوەیەکەی بریتیە لە 5 بەرێوەبەرایەتی کەهەریەکیان چەند بەش و یەکەیەکی بەرێوەبەرایەتی لێدەبێتەوە،بەهەمان شێوەی کەناڵەکانی تەلەفزیۆن و ڕادیۆ لێەشدا رێژەی ژنان لە هەندیكْ لە بەرێوەبەرایەتیەکاندا سفرە وەك بەرێوەبەرایەتی گشتی وبەرێوەبەرایەتی بەڕێوەبردن و دارایی وبەرێوەبەرایەتی ئایتی و ژمارەی کەمی ئەمانیش پەیوەستە بە بەشی هونەری دامەزراوەکەوە کە کاری دیجیتاڵ میدیای لە ئەستۆدایەو کەمتر کارمەندی لەو بوارەدا بەجیا بۆ ئەو بەشە داناوە بۆ کارو باری بەشی هونەری، بەڵکو کاروبارەکان مەرکەزین،لە بەشی دیجیتاڵ میدیا سەرەرای ئەوەی کە لە هەندێك لە دامەزراوەکان کارەکانیان مەرکەزین بەلام هەندێکیان کارمەندی تایبەتی تەکنەلۆژی زانیاییان هەیە، لەدیجیتاڵ میدیادا هیچ کارمەندێك بەناونیشانی ریکلام و کارناکات، کارەکانیلە ناوەندی دامەزراوەکە بەڕێوە دەچێت،ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاستیەیە کە جیاوازیەکی زۆر بەدی دەکرێت لە ڕووی ڕەگەزیەوە لەم دامەزراوە میدیانەدا.

**خشتەی (3)کارمەندانی دیجیتاڵ میدیا و رۆژنامەی ئەلکترۆنی**

| ز | بەریوەبەرایەتی | ژ.ک | نیر | % | مێ | % | بەش | کارمەندان | نێر | % | مێ | % |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | بەڕێوەبەرایەتی گشتی | 5 | 5 | 100% | 0 | 0 % | بەڕێوەبەری گشتی | 5 | 5 | 100 % | 0 | 0 % |
| 2 | بەڕێوەبەرایەتی بەڕێوەبردن و دارایی | 3 | 3 | 100% | 0 | 0 % | بەرپرس | 3 | 3 | 100 % | 0 | |
| 3 | بەڕێوەبەرایەتی | 19 | 13 | 68.5 | 6 | 31.5% | بەرپرس | 0 | 0 | 0 % | 0 | 0 % |

| | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | هونەری | | | ٪ | | | جێگری بەرپرس | 0 | 0 | ٪ 0 | 0 | ٪ 0 |
| | | | | | | | وردبین | 0 | 0 | ٪ 0 | 0 | ٪ 0 |
| | | | | | | | ئەبلۆدی ماڵپەر | 8 | 5 | ٪ 62.5 | 3 | ٪ 47.5 |
| | | | | | | | ئەدمینی تۆڕە .ك | 11 | 8 | ٪ 73 | 3 | ٪ 27 |
| 4 | بەڕێوەبەرایەتی IT | 7 | 7 | ٪100 | 0 | ٪ 0 | بەرپرس | 2 | 2 | ٪ 100 | 0 | ٪ 0 |
| | | | | | | | جێگری بەرپرس | 0 | 0 | ٪ 0 | 0 | ٪ 0 |
| | | | | | | | کارمەندان | 5 | 5 | ٪ 100 | 0 | ٪ 0 |
| 5 | بەڕێوەبەرایەتی هەواڵ | 35 | 26 | ٪74 | 9 | ٪26 | بەرپرس | 3 | 3 | ٪ 100 | 0 | ٪ 0 |
| | | | | | | | جێگری بەرپرس | 0 | 0 | ٪ 0 | 0 | ٪ 0 |
| | | | | | | | سەرنوسەر | 3 | 3 | ٪ 100 | 0 | ٪ 0 |
| | | | | | | | بەڕێوەبەری نوسین | 2 | 2 | ٪ 100 | 0 | ٪ 0 |
| | | | | | | | هەواڵنوس | 9 | 6 | ٪ 67 | 3 | ٪ 33 |
| | | | | | | | پەیامنێر | 12 | 8 | ٪ 67 | 4 | ٪ 33 |
| | | | | | | | هەواڵگر | 0 | 0 | ٪ 0 | 0 | ٪ 0 |
| | | | | | | | وەرگێڕ | 6 | 4 | ٪ 67 | 2 | ٪ 33 |

## دەرەنجام

ـ لە سیستمی بەڕێوەبردنی دامەزراوە میدیاییەکانی شاری سلێمانی لە پۆست و کاری بەڕێوەبەری گشتی و بەڕێوەبەریەتیە نێوەندیەکاندا ڕێژەی بەشداری ژنان سفرەو تەنانەت وەك جێگری بەڕێوەبەری دامەزراوەو کەناڵە میدیاییەکانیان هیچ ڕێژەیەکی ژنان تۆمار نەکراوە.

- لە سیستمی دامەزراوە میدییەکایە تەلەفزیۆنیەکاندا لەشاری سلێمانی تەنها یەك ژن وەك بەرپرس لە بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندیەکان تۆمار کراوە.

- لە بەڕێوەبەرایەتی بەرنامەکانی ڕادیۆدا تەنها ژنێك وەك بەرپرسی بەشی بەرنامەکان گەیشتوەتە پلەی بەڕێوەبەر.

- بەشداری ژنان لە دامەزراوە مدییەکانی شاری سلێمانی وەکو پیشەی کارمەندە زیاتر وەك لە بواری بەڕێوەبردن و ڕێژەکەشی بەراورد بە ڕەگەزی بەرامبەر کەمترە.

- ئاستی بەشداری ژنان لە دامەزراوە میدیاییەکانی شاری سلێمانی لە رادیۆکاندا زۆرترە بەبەراورد بە جۆرەکانی تری دامەزراوە میدیایەکان.

- بەشداری ژنان لەدامەزراوە میدیاییەکانی شاری سلێمانیدا خوی لە بواری بێژەری و پێشکەشکاری و بازارگەریدا دەبینێتەوە بە بەراورد بە بوارەکانی تر.

- بەشداری ژنان لەهەندێك بواری بەڕێوەبەرایەتیەکانی وەك تەکنیك سفرە لەهەندێك لەدامەزراوە مدییەکاندا و هیچ ڕێژەیەکی بۆ دانەنراوە.

## راسپاردە:

لەسەر بنەمای کارو دەرئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکە ئەم راسپاردانە دەخەینە روو

1. دامەزراوە میدیاییەکان بۆ زیاتر بەشداری ژنان لە کاری میدیاییدا گرنگە بنەمای رەگەزی لە بەرێوەبردنی توانای مرۆیی دامەزراوەکانیاندا دابنێن تا ژنان زیاتر بتوانن دەرفەتەکانیان بقۆزنەوە و زیاتر بەشداربن لە کار و بەرێوەبردنی دامەزراوە میدیاییەکاندا.

2. ژنان بۆ زیاتر بەشداری لە بەرێوەبردن و کاری میدیاییدا گرنگە لە بوارە جیاوازەکانی میدیادا کارامەتر خۆیان شارەزا بکەن و زانیاری پێویست بەدەست بهێنن و بچنە بواری پراکتیکیەوە.

3. دامەزراوە میدیاییەکان فەرهەنگێکی دروستی وا لە دامەزراوەکاندا بونیاد بنێن کە تێرِوانینی خۆیان و کۆمەڵگاش بەرانبەر بە کاری ئافرەت لە میدیاکاندا بگۆرِن و زیاتر بەرِوی ژناندا بکرێنەوە .

## پێشنیاز:

لێکۆڵینەوەکە لەسەر بنەمای کارو ئەنجامەکان بۆ ئایندەی لێکۆڵەران پێشنیار دەکات لەم بوارانەدا کاربکەن بۆ درێژەدان بە کاری زانستی لەسەر بەداری ئافرەت لە دامەزراوەکاندا

1. ئەو هۆکارانەی وادەکات کە بەشداری ئافرەت بە کەمی دەبینرێت لە دامەزراوە میدیاییەکاندا.

2. ئەو هۆکارانەی کە دەبنە هۆی زیادبونی بەشداری ئافرەت لە کاروباری میدیادا.

3. بونیەی فەرهەنگی کاریگەر بۆ گۆرِانی دیدیی کۆمەڵگا لەبارەی میدیاو بەشداری ژنانەوە

## سەرچاوەکان:


### سەرچاوەی کوردی:

1. دیاری عوسمان عارف، هونەری بەرێوەبردن وبەرێوەبردنی کەناڵە تەلە فیزونیە ئاسمانیەکان لە هەریمی کوردستاندا، سلیمانی، 2010

2. دیلمان محمەد سابیر، بنەماکانی ئیدارە، سلیمانی، 2011

3. رێناس نەورۆزی، ببلۆ گرافیای رۆژنامەوانی ژنانی کوردستان، 2011

4. سەروەر کەریم، روکاری بەشداری سیاسی ژنان، لەتیف فاتح، ئاوات یاسین، سەنتەری پەنا ، کەرکوك .2006)

5. کەمال مەزهەر ئەحمەد، ئافرەت لەمێژوودا، چاپخانەی حوادث، بەغداد،1981.

6. کنێر عبدالله، توندوتیژی وەزیفی دژی ژنان لە فەرمانگە حکومیەکاندا) دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی1، سلیمانی، 2011.

7. نەوشیروان مستەفا ئەمین، بەدەم رێگاوە گوڵچنین، کتیبی دووەم ، بەرگی یەکەم، دار العربیە للعلوم ناشرون،لبنان، 2013.

8. هەڤاڵ ئەبوبەکر، چەشنە ئەدەبی و رۆژنامەنوسیەکان و رِەنگدانەوەی لە ژین و ژیان، 2007.

### سەرچاوە بیانیەکان

1. ارمسترانگ، مایکل، مدیریت استراتژیك منابعانسانی، ت. اترسید محمد اعرابی و داودایزدی، دفتر پژوهشهای فرهنگی، تهران، 1381.

2. پرینگل واف. استار، پیترکی و مایکل، مدیریت رسانە های الکترونیکی، ترجمە علی اکبر فرهنگی، سروش، تهران،1391

3. حسن خجستە باقر زادە، مدیریت رسانە، تیسا، تهران 1393.

4. حميد جاعد محسن الدليمي، الادارة الاعلامية، دار الشؤون الثقافة العامة، بغداد ، 2008

5. عباس خورشیدنام، هشت دیدگاە اساسی درمدیریت رسانە، ماهنامە علمی ترویجی درزمینە مدیریت رسانە، تهران 1389

**گۆڤارو بلاو کراوەکان**


1. أ .مساعد د.حبیب مالله ,م بةنازحمةرةشيد,،الظغوط مهنية على العلاميات في القنوات الفضائية الكوردية,دراسة الميدانية"المجلة الجامعة دهوك,مجلد(19)عدد(2),2016.

2. جوان جلال الدین، قەڵەمی ڕۆژنامەنووسی ژن، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ساڵی سێیەم، ژمارە (9) کانوونی یەکەمی 2016.

3. کەژاڵ ئەحمەد، وونبوونی فیکرو کارو بەرهەم لای ڕەگەزی مێ ، گۆڤاری وان 1992،ژمارە 4

4. ئەرسەلان رەحمان توندوتیژی دژ بەژنان –ژن لەمیدیادا، گۆڤاری ژن مەگەزین ژمارە 18، ساڵی 2018..

5. ئەکرەم ئێنێت ،وەرگێڕانی مەغدید سەپان ، یەکسانی ژن و پیاو لەراگەیاندنی سویدی دا ، گۆڤاری رۆژنامەنووس ، 2006، ژمارە 8

6.مەریوان وریا قانع،سەرەتایەك دەربارەی فیمینیزم،گۆڤاری ڕەهەند،ژمارە18،سلێمانی،چاپخانەی ڕەنج،2006.


**ماستەرنامەی بڵاونەکراوە**


1.کاروان عبدالله، مدیریت استگاه تلویزیونی ـ مقایسە میان مدیریت شبکە های تلویزینی سجر صدا و سیمای جمهوری اسلامی ایران و یام اقلیم کردستان عراق، پایان نامە ارشد غیر منشور، گروه مدیریت رسانە، دانشکدە مدیریت، دانشگاه تهران، 1393.

2. رۆزە حمەوەیس بونیاد و ڕێکخستنی بابەت لە رۆژنامەی ژناندا، ماستەرنامە (بلاَونەکراوە) زانکۆی سلێمانی، کولێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان، بەشی راگەیاندن، 2011.

3. چیمەن محمد رەشید، گرفتە پیشەییەکانی ژنانی رۆژنامەوان لەهەرێمی کوردستان، (ماستەرنامە) بلاَونەکراوە، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان، بەشی ڕاگەیاندن، 2009.

4. نادیە عومەر کاکە سوور، رۆڵی ئافرەت لە ڕاگەیاندنی کوردیا ، ماستەرنامە ، بلاَونەکراوە، زانکۆی صلاح الدین، کولیژی ئاداب، بەشی کۆمەڵناسی، 2004.